# سەیران بۆسەرێکانی

## بیرۆکە بۆ پشتیوانی کوردی رۆژئاڤا

**ستران عەبدوڵڵا**




سەیران بۆسەرێکانی

بیرۆکە بۆ پشتیوانی کوردی رۆژئاڤا

**ئەم نووسینانە هی شرۆڤەکارێکی کوردە کە حەددی نییە ئامۆژگاری برایانەی کەس بکات، بەڵام کەیف خۆش دەبێت ئەگەر لە دەرەوەی ریزبەندی حزبایەتی رۆشنایی تێدا بێت بۆ هەموو پەرۆشانی کوردایەتی لە رۆژئاوا و لە سەرتاسەری کوردستاندا.**

٢٠١٤

# سەیران بۆ سەرێکانی

بیرۆکە بۆ پشتیوانی کوردی ڕۆژئاڤا

ستران عەبدوڵڵا

# سەیران بۆ سەرێکانی

## بیرۆکە بۆ پشتیوانی کوردی رۆژئاوا

چاپی یەکەم - ٢٠١٤

کـــــــــتێب: **سەیران بۆ سەرێکانی**
نـــووســـــەر: **ستران عەبدوڵڵا**
دیزاینی ناوەڕۆک: **ئاوارە هیوا**
تـــیـــــــراژ: (        )
نـــــــرخ: (        ) **دینار**
چـاپـخانـــەی:
چـــــــاپ: **چاپی یەکەم**



**پێشکەشە:**

به (هەڵەبجە) وەك شاری شەهید، وەك
کچە کوردێکی خێر لە خۆنەدیوی رۆژئاڤا

# لەبارەی ئەم کتێبەوە

هەمیشە لەگەڵ هاوەڵەکانم، لە کوردانی رۆژئاوا، گفتوگۆی ئەوەمان دەکرد بۆچی لە باشوور کەس بە حاڵی کوردی سوریا نازانێت؟ قسەی ئەوان گلەیی و قسەی منیش روونکردنەوە بوو، پەیتاپەیتا ئەو ڕاستییەشم دەگوتەوە کە ڕاستییەکانی خەبات و شۆرش ئەوەمان پێ دەڵێن هەموو مەسەلەیەک کاتی خۆی دێت. کە مەسەلەکە لە شوێنی خۆی جولە ئینجا خەڵک لەسەری دێنە جواب. هەرچەندە باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان (خەڵک) نین بە نیسبەت یەکترییەوە بەڵکو خەڵکی یەکتریین و یەک نەتەوە و یەک کێشەن، بەڵام ئیتر داگیر و دابەشکاری کردەی خۆی هەر کردووە و ماوەیەکیشە باشووری کوردستان بەهۆی سیاسەتی لۆکاڵی هەندێک هێزی سیاسییەوە گیرۆدەی ناوچەگەرێتی وا بووە کە هەندێک جار ناوچە دابڕاوەکانیش لەیاد دەکات چ جای ئەوەی کوردستانەکانی تری لەیاد بێت.

بەڵام ئیتر ئەوە راستییەکە کە وەختێک کوردی رۆژئاوا جولان، لێرەش جولە بۆ پرسەکەیان و گفتوگۆ لەسەر داخوازی نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتماندا دەستی پێکرد. قسەکەم هاتە دی، ئێستا ئەم پرسە لە رۆژەڤی رۆژنامە و میدیاکانی باشوور دایە.

بەشێکی ئەم نووسینانەی منیش هەر تاودانەوەی ئەو گەرموگورییەی کێشەی کوردە لە سوریا. بەڵام بەشێکی کەمیشی هی پێشترە. هی یەکەم بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ دا کە کورد ڕاپەڕی و باقی سوریا لە خەودا بوون.

ئەم نووسینانە هی شرۆڤەکارێکی کوردە کە حەددی نییە ئامۆژگاری برایانەی کەس بکات، بەڵام کەیف خۆش دەبێت ئەگەر لە دەرەوەی ریزبەندی حزبایەتی رۆشنایی تێدا بێت بۆ هەموو پەرۆشانی کوردایەتی لە رۆژئاوا و لە سەرتاسەری کوردستاندا.

ڕۆژئاڤا

# وەفاداری و دانپیانان

بەهەموو پێوەرێک ئێستا مەسەلەی کورد لەسوریا چەند هەنگاو چۆتە پێشەوە بە تایبەتی لەبواری ناساندنی مەسەلەکەو رەهەندی داخوازییەکانی کورد لەو وڵاتەدا.

بەشێکی ئەم پێشڤەچوونە بەڵێ بەندە بە دۆخی راپەڕینی گەلی سوریاوە، بەڵام بەشی بەرچاوی سۆزدارە لەگەڵ رەوایی ئەو مەسەلەیەو ئامادەگی نەتەوەیی کورد بۆ هەڵسانەوەو دلێری نواندن لە داخوازییەکانیدا.

مێژووی کوردایەتی لە سوریا کۆنترە لەمێژووی راپەڕینی ئێستا، لە دەورانی چەقبەستوویی سیاسی لە تەواوی سوریادا، کە هیچ دەرفەتێک بۆ بەشداری و خۆنواندنی سیاسی لەو وڵاتەدا بوونی نەبوو، شەحنەی هەرە زۆری وزەی کوردایەتی و ئارەزووی فیداکاری کوردانی سوریا لەخزمەت قوڵایی نەتەوەیی لە سەرتاسەری کوردستاندا بوو، لەوانەش کوردستانی جنوبی کە لە کۆششی تەیفێکی فراوانی کوردایەتی (باشووری بچیک) بەهرەمەند بوو. ساڵی ٢٠٠٤ ساڵێکی وەرچەرخێنەر بوو بۆ کوردی ئەوێ، هەم لەوەدا راپەڕینێکی چۆنایەتی قەوماو هەم لەو رووەوە کە کۆششی راپەڕینەکە بۆ خودی کوردی سوریا بوو، شەحنە کوردایەتییەکە گەڕایەوە شوێنی سروشتی خۆی کە لە کوردی سوریاوە بۆ خودی کوردی سوریا بێت.

ئێستا کورد لە قامیشلۆو حەسەکەو تەواوی ئەو بەشەی وڵات، بە تایبەتمەندی خۆیەوە بەشدارە لە ڕاپەڕینی سوریا، بە هەمان حەماسی دیموکراسی و نەتەوەیی و بە هەمان شێوازی ئاشتیخوازی و مەدەنیانەی سەرەتای ئەم بزاوتە جەماوەرییەی گەلی سوریاوە.

ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە کورد بەشدار بێت لە جموجۆڵەکە بێ ئەوەی رەهەندی نەتەوەیی خۆی لە دەست بدات، ناڕەزابێت لە سیاسەتی رەسمی و بەرهەڵستی بکات و بە چاوی رەخنەگرانەی وریاشەوە لە تێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئایندەی وڵاتەکە بڕوانێت. ئەم هاوسەنگییە وایکردووە ،وەک راپۆرتی

میدیاکانیش دەیڵێن، فاکتەرێکی بە هێزی دۆخی سوریا بێت.

لەم دۆخە هەستیارەی ئێستادا کوردی سوریا چیتر تەنیا نییە، وەک لە ڕاپەڕینی ٢٠٠٤دا لەناو سوریا تەنها بوو، لەئاستی کۆمەڵی نێودەوڵەتیش ناڵە و زارییەکەی گوێ لێگیراو نەبوو.

ئێستا فاکتەری کوردی وردە وردە سەنگ پەیدا دەکات و وەک دەبینین هەینییەکی ئەمدواییەش، دوای هەینییەکی زۆر دووری سەرەتای راپەڕینە سەرتاسەرییەکەی سوریا، سڵاو لە کورد دەکات و ناوی (وەفاداری بۆ راپەڕینی کورد)ی لێ دەنێرێت. یانی راپەڕینی ٨ ساڵ بەر لە ئێستا ئیتر کەوتۆتە سەرزاری پێکهاتەکانی غەیرە کوردی سوریاوە.

پەرەسەندنی رەوشەکە دەبێ رووی لەوە بێت وەفاداری بچێتە قۆناغی دانپیانانەوە. ئەمەش یەکێتی هەڵوێست و ژیری سیاسی بەردەوام لە چالاکە سیاسییەکانی کوردی باشووری بچیک دەخوازێت.

ساڵێک لەم هەڵسانەوەی سوریا تێدەپەڕێت و باسکی تێکۆشانی دیموکراسی کوردانی سوریا لەسەر هەردوو دینگەی قووڵایی ستراتیژیی نەتەوەیی و پێدراوەکانی ناوخۆی سوریا سەنگی هەیەو تائێستا باشی هێناوە، رەوایی مەسەلەکە دەبێ یارمەتیدەری گەشەی زیاترو ئەنگێزەی زۆرتری یەکڕیزیی کورد بێت.

١٢-٣-٢٠١٢

# دواديدار

کوردستانی سوریا بوونی نییە، چونکە لەکتێبەکانی سەمیر ئەمیندا ناوی نەهاتووە. جا ئەویش وەک وەرگێڕێکی نووسراوەکانی دان بەشتێکدا نانێت کە ئەمین دانی پێدا نەنابێت.

لەزەمانی چەپدا بورهان غلیونمان وەک وەرگێڕێکی باشی تێزی (دامێن و نێوەند) دەناسی، ئێوە هەر یەخەی عەدالەت عەبدوڵڵا دەگرن کە دۆستایەتی لەگەڵ غلیوندا هەیە. ئەگەر تاوانبارێک هەبێت ئەوا بەندەو توانا ئەحمەدە کە لەسەرەتای راپەڕیندا موعجەبی سەمیر ئەمین و وەرگێڕەکەی بووین. وەرگێڕ گەشەی کرد تا کەوتە دیالۆگی بەرامبەرەکی لەگەڵ مامۆستاکەیدا، زەمانی عەدالەت لەکوردستانی نوێ غلیون کەوتە گفتوگۆ لەسەر دیموکراسی و کەمینەکان و مافی مرۆڤ، ئیتر بەندەو توانا ئاگامان لەم بیرمەندە نەما کە لەناکاو هاتە سەرهێڵی دۆستایەتی رۆژئاوا.

موپاسانی فەرەنسایی ئیدیۆمێکی هەیە دەڵێ: ((بەهار هات فەرەنسییەکان وریای دڵداری بن)). کە بەهاری عەرەبی هات غلیون ئاگای لەپێشینەی چەپایەتی نەماو شنەباکەی ئیخوان بردی، ئەگەرچی وەک رۆشنبیرێکی فرانکۆفۆنی دەیتوانی قسەکەی موپاسان لەسەرچاوە ئەسلییەکەیەوە بخوێنێتەوە.

لەمینبەری سیاسەتەوە نکۆڵیکردن رەوانتر باسدەکرێت. ئەوی لەنووسراوەکاندا هەیە شتێکەو ئەوی لەڕاڕەوەکانی سیاسەتدا هامشۆیەتی، شتێکی ترە. عەبدولمەلیک بن مەروان قورئان خوێنێکی باش بوو، کەخەبەریاندا نۆرەی تۆیە لەسەر تەختی سەڵتەنەت دابنیشی، قورئانی پیرۆزی پێچایەوەو بەعەرەبی شتێکی بەم مانایەی وت (ئەمە دوا دیدارە). حاشاکردنی غلیون لەکوردستان دوا دیداری بوو لەگەڵ کتێبەکانی.

٢٠-٤-٢٠١٢

# ئەویٚ کوردستانە

((ئێرە کوردستانە)) ناونیشانی هەینییەکی کوردەکانی سوریا بوو لەپرۆتستۆ هێمنانەکەیان.

ئەم ناونیشانە ئەهێنیٚ ناونیشانی چەند هەفتەیەک و هەموو هەفتەیەکی ناڕەزایی بێت، مادام گوزارشتێکی راستەقینەیە لەواقیعی مێژوو و جوگرافیاو سەرەتای مافی کورد ئەگەر بخوازن دانی پێدا بنێن.

((ئێرە کوردستانە)) سەرنجڕاکێشە، چونکە هەفتەیەکە کوردەکان خۆیان ناویان لێناوە، وەک نەریت وابوو کە ناولێنانی هەینی ناڕەزایی لەتێکڕای خۆپیشاندانەکانی ئەو هەینییە دەنرێت. واتا ناولێنانێکی گشتگیریی سورییە. ئەو هەفتەیەی (ئێرە کوردستانە) بوو لەقامیشلۆ، بێگومان لەدەرعاو حومس هەینی ناوێکی تری هەبووە، چونکە ئەگەر ئەوانیش هەینییەکەیان هەینی کورد بووبێت مانای وایە دان بەکوردستانی سوریادا دەنێن و پێچەوانەی قسەکەی بورهان غلیۆن دەسەلمێنن کە بەناوی شۆڕشی سوریاوە نوتقی دا (کوردستانی سوریا نییە). هەینی تێکڕای سوریا (ئێرە کوردستانە)) ی کوردی نەسەلماندووە. جا بەوەدا کورد ناوی خۆی جیادەکاتەوە یانی راپەڕینەکەشی خۆی لەهی سوریا جیاکردۆتەوەو کارەکتەری تایبەتمەندی کورد روونتر دەردەکەوێت. هەروەها ناوی هەینیمان جیایە، شێوەی خۆپیشاندنمان جیایە کەکورد پیٚ لەسەر سیما ئاشتیخوازییەکەی دادەگرێت و ئیخوانەکان راپەڕینەکەیان چەکدارانەیە.

بەمشێوەیە کورد ماڵی خۆی لە بەعس جیا کردۆتەوە، چونکە پرۆتستۆی دەکاو ماڵی خۆشی لەئۆپۆزسیۆن جیا کردۆتەوە، چونکە کوردستانەکەی ناسەلمێنیٚ.

کەس نازانیٚ ئەم دۆخە بەکویٚ دەگات؟ بەڵام ئەوەی دیارە کورد هەموو هێلکەکانی خۆی ناخاتە سەبەتەی کەسەوە. ئەویٚ کوردستانەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

٢٠١٢/٤/٣٠

# سەیدا عەبدولباست

ئەنجوومەنی نیشتیمانی سوریا کوردێکی بۆ سەرۆکایەتی خۆی هەڵبژارد کە دکتۆر عەبدولباست سەیدا روناکبیر و چالاکوانی کوردە.

ئەمە هەنگاوێکی باشە لەلایەن ئەم ئەنجوومەنەوە کە سیاسەتی لەمەوڵێشی جێی سەرزەنشتی چالاکە کوردەکانی سوریا و بە تایبەتیش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سوریا بوو.

سەیدا عەبدولباست سەیدا کوردێکی خوێندەوار و دیموکراتخوازێکی سورییە، دەتوانێ رۆڵ بگێرێ هەم لە راستکردنەوەی رەوتی ئۆلۆزسیۆنی سەرتاسەری لە هەمبەر داخوازییەکانی کورد و هەمیش دەتوانێ ببێتە سیلەی رەحم لە نێوان ئەنجوومەنە سورییەکەی خۆی و ئەنجوومەنە کوردییەکە.

هەڵبژاردنی سەیدا کاردانەوەی جیاجیای هێناوە. هەن دەڵێن ئەمە هەنگاوێکی کەمەندکێشکردنی کوردە دوای رەددوبەدەلی لێشوو، هەشن دەڵێن جۆرێکە لە فریودانی کورد کە لەم قۆناغەدا ئەرکی قورسی ئۆلۆزسیۆنی لێ دەسلێردرێ و ئینجا لێی لاشگەز دەبنەوە. وەختێک جێیان لە دیمشق گەرم بوو ئەوە دەکەن کە هەندێک لە هێزە عیراقییەکانی ئەمرۆ لێیان خۆشە بە کوردی عیراقی بکەن: ئیحتیواکردن و لەراوێزخستن. هەشن دەڵێن دەشێ ئەمە مۆدێلێک بێت بۆ لەمەودوا قبوڵکردنی کورد لە سەروی هەرەمی دەسەڵاتدارێتی ئەم ناوچەیەی نێوانی ناخۆشە لەگەڵ دیموکراسی و کەیفی بە کورد نایەت. بەو ئیعتیبارەی مۆدێلی کوردی عیراق سەرکەوتووە با گرفتیشی هاتبێتە رێ.

هەموو ئەگەرێک رێی تێدەچێ، بەڵام ئەوانەی سیاسەت دەکەن چەند لێویستە بە ئاگا بن لە دیوە مەترسیدارەکان هێندەش دەبێ دەستلێشخەربن لەو کاتەی لێویستیان بە ئیختراقێک هەبێت.

لەم سۆنگەیەوە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی سوریا چاکی کرد سەرکەوتنی سەیدای پیرۆزکرد.

٢٠١٢/٦/١١

# کوردستانی رۆژئاوا

له بەرواری رووخانی ئەسەدەوە تا جێگیرکردنی حوکمڕانی نوێ لە سوریا، کوردەکانی رۆژئاوا دەرفەتێکی باشیان هەیە بۆ خۆچەسپاندن. ئەگەر حوکمڕانی نوێ ئیخوانی بێت یان دیموکراسیی ئەوا کوردی سوریا دەرفەتیان لە پێشە کار بۆ مەسەلەکەیان بکەن.

مەسەلەی کورد لەوێ تەنها بریتی نییە لە مافەکانی کورد ئەوی لە دەستوور یان لە گرێبەستی نوێدا دەنووسرێتەوە. پایەیەکی گرنگی تر خۆپێگەیاندنی سیاسیانەیە.

ژیان لە سایەی بەعسدا، وەک تەجرەبەی بەعس لای خۆشمان سەلماندوویەتی، یانی کوشتنی سیاسەت و کوشتنی دەستپێشخەری و تاودانی پرۆسەی سیاسیی.

بۆیە هەر کەسێک لە بەعس دەربازی دەبێت. ماوەیەکی نەقاهەی گەرەکە تا دێتەوە سەر خۆی.

کوردیی عیراق ئەمەیان کرد، دوور لە بەعس خۆیان پێگەیاند و بە هەڵە و ڕاستی تاقیکراوە بوونە خاوەنی بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئەزموندار.

ئەم ماوەیە بۆ کوردستانی سوریا هەم بۆ خەباتی نەتەوایەتی و هەم بۆ خۆپێگەیاندنی نەتەوەییە. بۆنە سیاسییەکان دەرفەتیشە بۆ گەشە و فراوانکردنی بەشداری سیاسیی.

هێزە سیاسییەکانی کوردستانی سوریا لەسەریانە لاوان و نەوەی نوێ مەشق پێ بکەن و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا قاڵیان بکەنەوە، بەمە خۆشیان دەمەزەرد دەبنەوە و نەوەیەکی نوێ پێدەگەیەنن کە لە دوورمەودا دا خەزێنەیەکی باشە بۆ کاروانە دوور و درێژەکەی کوردایەتی.

ژنان و لاوانی بەشدار لە تەنسیقیاتی ساڵی رابردوو و ئەوانەی لە چالاکی داهاتووش بەشداری دەکەن یەدەکێکی گەورەن و بنەمای کۆمەڵگەیەکی سیاسیی پتەون، ئەوانە سامانی نەتەوەن و وەبەرهێنانی چاکیان پێویستە.

٢٠١٢/٧/٢٥

# کێشەکە لەکوێدایە؟

پەیوەندیی نێوان سەرێ کانی و دووزخورماتوو چییە؟ هەردووکیان کوردستانن

بەڵام پەیوەندی جێی باس لێرەدا هەڵێنجانی وانە و ئەزموونە بۆ گەلی کورد

دووزخورماتوو بەشێکە لەناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان کە کوردایەتی لە پێناو چارەسەری مەسەلەی کورد و پێکەوەیی عیراقییەکاندا داوای دەکاتەوە تا سنووری کوردستان لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵدا دیاری بکرێت.

لە خەباتی سەردەمی ئۆپۆزسیۆنییدا هێزە سیاسییەکان دژی رژێمی دیکتاتۆری سەددام بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆ عیراقی دوای سەددام داڕشت: عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ کە چارەسەری کێشەی ناوچەکانی تەعریب و راگوێزانیشی پێ بێت.

دوای کەوتنی بتەکەی سەددام لە بەغدا عیراقییە تازەکان هەم لە پرۆسەی سیاسیی و هەمیش لە دەستووردا نەخشەڕێی چارەسەری ناوچە دابڕاوەکانیان پاراست و دووزخورماتووش لەو چوارچێوەیەدا چاوەڕێی ئەوە بوو هاوپەیمانەکانی کورد لەئۆپۆزسیۆن و لەحوکمیشدا وەفاداری بەڵێنە نووسراوەکان بن.

سەرێ کانی بەشێکی ناوچەکانی کوردستانی سوریایە کە هەمان پشتێنەی تەعریب و راگوێزانی لەدژ پەیرەوکراوە. رەوتە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کورد لە سوریا لە سەرەتای شۆڕشی سوریاوە خۆیان لە چوونە ژێر چەتری ئۆپۆزسیۆنی سوریا پاراست مادام ئەو ئۆپۆزسیۆنە هیچ لە بارەی مافەکانی کوردەوە نالێ و سەرئەنجام بەڵێنی سڕینەوەی ئاسەواری تەعریبی ناوچە کوردییەکانیش نادات.

لەبەر ئەوە کورد لە سەرەتاوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نێوانی ناخۆش بوو، ئەوەش سەری کێشا بۆ پێکدادان لەگەڵ (سوپای سوریای ئازاد-رەوتی

جیهادی)ی ئۆپۆزسیۆندا.

باشە! کوردی عیراق لە سەرەتاوە، بەڵێنی نووسراوی لە ئۆپۆزسیۆنی عیراق وەرگرت و لە دەستووری دوای دیکتاتۆریشدا ئەمەی تۆمارکرد. کوردی سوریا ئەزموونی ئەوەی تاقیکردەوە کە هاوپەیمانێتی بێ مسۆگەری مافەکان نەکات.

ئەوان لەوێ تووشی بەر یەککەوتنی سەرێ کانی هاتوون لەگەڵ بەشێکی سوپای ئۆپۆزسیۆنی ئێستا و ئێمەش لێرە تووشی بەر یەککەوتنی دووزخورماتوو هاتووین لەگەڵ بەشێکی سوپای ئۆپۆزسیۆنی جاران.

کێ ئەزموونی لە کێ وەرگرتووە؟

خوێنەری بەڕێز لە دەرەوەی سیاسەتی رەسمی با پێکەوە گفتوگۆیەکی هێمنانە بکەین لەسەر ئەم پرسە تا ئەدەبیاتی کوردایەتی و ئەزموونی خەباتی گەلەکەمان دەوڵەمەند بکەین و بزانین کێشەکە لە کوێدایە؟

٢٠١٢/١١/٢١

# شەڕ لەدیمەشق و
# تۆزەکەی لەسەرێکانی

گەشتینە قۆناغێک ئەگەر ناوی سوپای ئازادی سوریا بێت لە زەینی کورددا تەنها پەلاماردانی کورد و کوردستان رەنگ دەداتەوە.

سوپای ئازادی سوریا ئەوەندەی لە پرۆسەی شەڕکردن دژی کوردو هێزەکانی کوردستانی رۆژئاوادا ناوی دێت کەمتر لەوە وەک شەڕوانێکی ئازادیخواز دژی رژێمی ئەسەد خۆی لە میدیای کوردیدا نمایان دەکات.

ئەمەش مانای وایە ئەم سوپایە سەرگەردانەو نازانێ ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی لاوەکی دیاری بکات. تەنانەت لەڕوانگەیەکی موجەرەدی سوریاییشەوە. قەینا کێشەیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لەرۆژئاوا هەیە، بەڵام وای لێ بێت شەڕ لەسەرێکانی گەرمتر بێت لەشەڕی بەرەی دیمەشق مانای وایە ئەم هێزە کە هێشتا نەهاتۆتە سەر حوکم خۆی تێکەڵی ئەجێندای قودرەتمەندی ئیقلیمی دژی کورد کردووە.

سەرێکانی تەنها شانۆی شەڕی کوردایەتی و ئۆپۆزسیۆنی سوریا نییە کە لەسەر ناوچەی پاوانکردن بە شەڕ بێت یان بەهۆی گوللەیەکی وێڵەوە پێکدادانیان لێ بقەومێ و ناوبژیوانێک دەست نەکەوێت لێکیان بکاتەوە. سەرێکانی شانۆی لە گیرفان کەوتنەخوارەوەی نەخشەو بەرنامەی ئۆپۆزسیۆنی چەکدارە لە هەمبەر کورد ئەگەر حوکمیان کەفتە دەست.

لەڕەوتی ئۆپۆسیۆن بووندا سوپای ئازادی سوریا وەک موجاهیدینی خەڵقی لێ قەوماوە لە پەیوەند بە جوڵانەوەی گەلی کوردستان لە دژی سەدام حسێندا ، لێی تێکچووەو سەرگەردان بووە، موجاهیدین لە (١٩٩١)دا شەڕی کوردستانی راپەڕیوی کرد و بۆ قازانجی بەعسی سەدام، گەرمیانی لە خوێن گەوزاند. سوپای ئازادی سوریاش شەڕی کورد دەکات لە بەرەی رۆژئاواوە.

زوڵمی سوپای ئازاد لە سەرێکانی هەر زوڵم نییە لەکورد، بەڵکو زوڵمێکە لەگەلی سوریاش کە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارییەکەی لە جێی ئەوەی جوگرافیای

کوردستان جێ بێڵێ کە هیچ نەبێ زۆرتر ئارامە بۆ هەموو سورییەکان جگە لەکوردەکەشی، خۆی بەو وارەوە مژوڵ کردووەو نرخی خوێن بە کوردو عەرەب دەدات. وزەی بەرەنگاری لە شەڕێکی هەڵەدا خەرج دەکات.

کەس نەیوتووە کەس بۆی نییە لەگەڵ کورد ناکۆک بێت، ناکۆکی سیاسی هەر دەبێ و هەر هەبووە، بەڵام لەدۆخی وەک ئەوەی سوریای شۆڕشدا ناکۆکی لەگەڵ کورد هی ئەوەیە ناکۆکی لاوەکی بێت و لەوە زیاتر باری لێ هەڵنەگیرێت، رێی راست ئەوەیە ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ دیمەشق بێت مادام ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئیدعا دەکات ئەلتەرناتیفی ئایندەیەتی، ئەسەد لەدیمەشقە، نەک سەرێکانی و رژێمەکەش لە ناوجەرگەی پایتەختی ئەمەویدایە، نەک لە قامیشلو و عامودا.

٢٠١٣-١-٢٩

# هەڵمەتی کۆمەکی رۆژئاوا

دەستەیەک هونەرمەند، شاعیرو رووناکبیرو کەسایەتی خۆشەویستی کوردستان بەشدارن لە هەڵمەتێکی کەناڵی کوردسات-دا بۆ کۆمەککردنی ئاوارەکانی رۆژئاوا کە ماوەیەکە میوانی وڵاتی خۆیان، هەرێمی کوردستانی باشوورن. ئەمەش باشترین دەربڕینە لەسەر رۆڵی دەستەبژێرو نەتەوە لە شەئنی گشتی و رۆڵی بەرپرسارێتی کۆمەڵایەتی میدیا لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە هاندانی کاری چاکەو خێرخوازی، بەتایبەتی چاکەو خێرخوازییەک کە ئەرکێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی و ئینسانییش رایی بکات.

ئاوارەبوونی کوردانی رۆژئاوا دەرەنجامی دۆخی شەڕو شۆر، ئابلۆقەو برسێتی و بێکارییە کە هەموو سوریاو بە تایبەتیش کوردستانی رۆژئاوای گرتۆتەوە.

لە جەنگەکاندا، جا جەنگێکی رەوا بن بۆ ئازادی، یا جەنگی ستەمکاران بێت بۆ خۆسەپاندن و دەسەڵاتداریی، هەمیشە کۆمەڵانی خەڵک دەبنە قوربانی یەکەم و مەنزومەیەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، کە ژیانی سادەو ئاساییانی رێکخستووە، دەشێوێ و لەبەر یەک هەڵدەوشێتەوە. ئەمەی سوریا لەم دابی جەنگ و مالوێرانیە بەدەر نییە، ئاوارەکانی سوریا وەک حاڵەتێکی سروشتی جوگرافیاو ئایدیۆلۆژیاو بنەچەی نەتەوەیی و مەزهەبی بەسەر تورکیاو ئوردن و لوبنان و کەنداودا دابەش دەبن، ئەدی کوردی داماو کوێیی هەیە جگە لەم کوردستانە رزگارەی جێی ئومێدی هەموو نەتەوەیە؟

هەمووومان لە باشوور، لە هەموو نەوەکان و بۆ هەموو سەردەمەکان، ئاوارەیی و دەربەدەرییمان دیووە کە ئەوی کۆڕەوەکە ترۆپکی ئاوارەبوونی کورد بوو لە مێژوودا، هەموو یادگاری تاڵ و شیرینی ئاوارەیی کوردستانی رۆژهەڵات و باکوورمان لە یادەو بینیومانە. بۆیە ئێمە زیاتر لە خەڵکی تر لەم لێقەومانە تێدەگەین و هیچ ئاوەدانی و گەشەو خۆپتەوکردنێکی ئەمڕۆمان ناتوانێت ئازاری ئەو یادەوەری و ناخۆشیانەمان لەبیر بباتەوە. بەتایبەتی کوردستانی رزگار، یانی کوردستانی خاوەن خۆی کە هەر دەبێ خاوەندارێتی لە

مەسەلەی نەتەوایەتی بکات و، با بەڕاشکاویش بیڵێین، بەشێکی زۆر کەمی ئەو قەرزە هەرگیز قەرەبوو نەکراوە بداتەوە کە کوردستانی رۆژئاوا بەسەر هەردوو شۆڕشی گەورەی ئەیلول و نوێوە هەیەتی وەختێک بە سەرو ماڵ و گیان شۆڕشی کوردستانیان لە باوەش گرت. ئەو قەرزە هەر قەزری دەستەبژێری سیاسیی کوردستانی رۆژئاوا نییە لای سەرکردایەتی شۆڕشی باشوور، بەڵکو قەرزی بەشێکی نەتەوەیە لای بەشێکی تری نەتەوەو ئێستا کاتێتی هیمەتی دانەوەی بکەین.

بۆیە ئەم ئەرکە ئەرکی هەمووومانە، دەستپێشخەرییەکەی لە کوردساتەوە بوو، بەڵام کۆتاییەکەی دەبێ هەموو کوردستان بگرێتەوە. نابێ بهێڵین ئەم رۆڵە مۆدێرن و جوانەی شاعیرو هونەرمەندانی کوردستانیش لە نیوەی رێگا سارد ببێتەوەو پەکی بکەوێت، بەڵکو بکرێتە بۆنەیەک بۆ جێگیرکردنی دابونەریتی وا کە ئەوان هەر داهێنەری مەزنی بوارەکەی خۆیان نەبن، بەڵکو سەرمایەی مەعنەوییان خەزێنێک بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی نەتەوە لە هەموو بوارێکدا.

کۆمەککردنی کوردستانییانی رۆژئاوا کۆمەککردنی خۆمانە، کۆمەککردنی بوژاندنەوەی کوردایەتی سەرتاسەرە.

٣-٢-٢٠١٣

# حیوار لەگەڵ ئەسەد

سەرکردەی ئیئتیلافی نیشتمانیی سوریا، مەعاز ئەلخەتیب ئاستێکی بەرزی بەرپرسیاری و پەرۆشی بۆ پاراستنی سەروماڵی سورییەکانی لەخۆی نیشاندا. خەتیب داوای لەڕژێمی ئەسەد کرد بیرۆکەی گفتوگۆو موفاوەزات بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەگەر بەڕاستیەتی کەدەخوازێ تەنگژەی وڵات چارەسەر بکات. ئەم بانگەوازەی خەتیب جورئەت و ئازایەتییە لەلایەن سەرکردەی دووەم گردبوونەوەی بەرفراوانی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی لەسوریا. بەتایبەتی لەدۆخێکدا بەشی زۆری پشتگیریکاران هەڵوێستی خۆیان لەهەمبەر ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەسەر کەوتنی ئەسەدو جێگرتنەوەی بەدەسەڵاتێکی دیفاکتۆی ئۆپۆزسیۆن بینا کردووە.

ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆن ئەوەندەی لەسەر سەرمایەی قینی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەئەسەد خۆی پتەو دەکا ئەوەندە لەسەر لێوەشاوەیی و ستراتیژیی سیاسی خودی خۆی ناژێت.

ئەوە قینە لەئەسەد نەک خۆشەویستی بۆ ئۆپۆزسیۆن، کەپشتگیریی نێودەوڵەتی دابینکردووە، ئێستا کە خەتیب وەک سەرکردەیەکی تازە دەرکەوتووی ئۆپۆزسیۆن ئەم سەرمایە جێ لەقە بخاتە سەر مەحەک و بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق بەکاری بێنێت نەقلەیەکی جێی سەرنجە لەشەترەنجی ململانێ لەسەر سوریا.

ئەم هەنگاوە ئازایەتییە نەک لەبەرئەوەی رژێم شایانی چانسێکی ترە بۆ دەرباز بوون لەتەنگژە درێژ خایەنەکە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم درێژخایەنییە بەنرخێکی زۆر لەسەر گەلی سوریا کەوتووەو تا رۆژی بانگەوازی خەتیب (٦٠) هەزار کەس بوونەتە قوربانی و تەلەفێکی زۆری ماددی و مەعنەوی دروستکردووە. بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئۆپۆزسیۆنیش رژێمی بایکۆت و ئەفرۆزە کراو لێی چاوەڕوان ناکرێت لەمیانی ململانێ بۆ مانەوە حیساب لەسەر ناوبانگی خۆی یان کۆنترۆڵکردنی بنمیچی توندوتیژی بکات. دەوڵەتانیش،

بەزلهێزو مامناوەندییانەوە، تەنها لەچاوی جەمسەرگیریی و بەرژەوەندییەوە سەیری دۆسێی سوریا دەکەن. بۆیە دەبێ ئەو ئۆپۆزسیۆنەی دەخوازێت ئەلتەرناتیڤ بێت برێکی بەرچاوی خاوەندارێتی و پەرۆشی بۆ ئەو میللەتە نیشان بدات کەبۆ ئەو راپەڕیووەو بەناوی ئەوەوە شۆڕش دەکات.

لەبیرمان نەچێت کەدوو هەفتەی رابردوو بالآنسی ململانێی سەربازی بەلای بەخۆداڕاگەیشتنی سوپای رژێمدا شکاندییەوەو ئەمەش ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار دوورترو قورستر کردووە، لەم ئاستەدا زێدەبایی کوژراو بریندارو لێقەوماو هەر گەلی سوریا دەیدات.

مەعاز خەتیب لەهەمبەر هێرشی شەریکەکانی دیکەی لەئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆندا ناچار بوو مەبەستی دانوستاندن روون بکاتەوە کەمانای دەستبەردار بوون لەئامانجە سیاسییەکان نایەت، بەڵکو تەحەددایەکە بۆ ئەسەد کەدوو ساڵە رایگەیاندووە ئەو ئامادەیە دیالۆگ بکات، بەڵام (ئیرهابییەکان) ناهێڵن و دەوڵەتەکانیش لێناگەڕێن دیالۆگ بکەین، ئەمانەش وشەگەلێکی ئاڵۆز بوون و هیچ حیوارێکیان دروست نەکرد.

خەتیب بەسەر ئازارەکانی ئۆپۆزسیۆندا باز دەدات بۆ فریاکەوتنی ئازاری میللەتەکەی و تاقیکردنەوەی ئەم رێگایەی دەکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هاوکاری بێت تا ئازارو مەینەتی خەڵکی سوریا کەم بکاتەوە.

داخۆ ئەمەی بەجورئەت بۆ حسێب دەکرێت یان وەک سازشێکی سەرخۆر دەبێتە فەسلێک لەدرامای دوورو درێژی سوریا؟.

٦-٢-٢٠١٣

# کۆمەک بۆ نەتەوە

نەتەوە بە پرسێکی رەمزی دروست دەبێت، بڵێسەیەکی بەسە تا رۆحی نەتەوەیەک کڵپە بسەنێت، وەکو نەورۆزێکی کوردستانیی ئاگاهی بدات کە بەڵێ زوحاکی زوڵم و ستەم لەگیانەڵادایە و بەهاری بندەستەکان هاکە دەستی پێکرد.

نەتەوەیەک دوای سەدەیەک زوڵم و ستەم بەشێوەی جیاجیا گوزارشت لەخۆی دەکاتەوە. سەدەی بیستویەکەو نەتەوەی کورد بەکردار یەکێتیی نەتەوەیی خۆی نیشان دەداو ئەمەش بەشێوەیەکی رەمزی دەنوێنێ، دوور لەسیناریۆی پێشوەخت و ئیحترافی دونیای سیاسەت.

بۆنەی ئەم باسە بەربڵاوی بەپیرەوەهاتنی هەڵمەتەکەی هاوکاری کوردستانیانی رۆئاوایە کە کوردسات دەستی پێکردو هەموو کوردستانیی تەنیەوە. ئەم وێستگەیە بەر لەهەر شتێک پێویستییەکی روحی لەهاوکاری مرۆییانە، نەتەوەییانە بۆ ئاوارەکانی کوردستانی رۆژئاوا (باشووری بچووک) جێبەجێ دەکات، بەڵام دوورتر لەو بازنە خێرخوازییە دەست لەملانێ و باوەشپێداکردنێکی نەتەوەییە کەڕۆژی تراژیدیای بومەلەزەکەی شاری وانمان وەبیردێنێتەوە.

کۆمەک و هاوکاری بۆ باشووری بچووک هەر کۆمەک و هاوکاری نییە بەئاوارەکانیان، بەڵکو کۆمەک و هاوکاریشە بەبوژاندنەوەی گیانی نەتەوەیی لەزەمانێکدا دەگوترێ گوایە زەمانی نەتەوە نەماوەو کورد درەنگ هاتووە، لەزەمانێکدا کە ئەوانەی تاقەتی نەتەوەو کوردایەتییان نەماوە تیوررزەی ناوچەگەرێتی و گەڕەکچێتی دەکەن. جا با سەیری مەغزای هەواڵی میدیاکان بکەن کە رووماڵی هەڵمەتەکە دەکەن:

-هەواڵێک لە ئۆردوگای نەسر و باریکەوە باسی لە کۆمەکی ئاوارەکانی کوردستانی رۆژهەڵات دەکات کە لە قووتی دەمی خۆیان بۆ برا رۆژئاواییەکانیان دەگرنەوە.

-هەواڵێک لەکەرکوکەوە کە دانیشتووانەکەی بەسەر زامی تەقینەوەو تەعریب، بەسەر زامی هێشتا سارێژنەبووی ئاوارەیی و راگوێزراندا زاڵ دەبن و کۆمەک بۆ براکانیان دەنێرن کە هەمان دەردی تەعریب و تەبعیسیان لەسوریا بینیوەو، وەک جارانی ئەوان، ئاوارەی نیشتمانیی خۆیانن.

-هەواڵێک لەسلێمانییەوە کە منداڵانی قوتابخانەکان هەقیان بەسەر چەلەحانێی داستانی (ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات)ەوە نییەو لەدەخیلەو خەرجی رۆژانەیان دووسەدو پەنجاو پێنج سەد دیناری خرجەکەنەوە بۆ برا کرمانجەکانیان.

ئەمانە هەواڵی کورتن، بەڵام وەک ئاماژەی بووژاندنەوەی نەتەوەیەک لەدڵ و دەروونمدا کاریین و بەهەمووومان دەڵێن نەتەوەیەک بەرێوەیە کەداوای شوێنی خۆی دەکات لە تەک دراوسێکانی.

٧-٢-٢٠١٣

# سەیران بۆ سەرێکانی

لێدوانی بێمنەتی و لوتبەرزانە ئەندێشەی خاوەنەکەی دەردەخات تەنانەت ئەگەر وشەکانیشی هەڵەی زمانەوانیی یان پێشێلی مافەکانی تێدا نەبێت. عەرەب ئێژێ (الاناو ینچح بما فیە- سوراحی ئەوەی لێ دەرژێ کە تێیدایەتی). ئەمە حاڵی فەرماندەی نوێی بەهاری عەرەبی، سەرۆک ئەرکانی سوپای ئازادی سوریا لیوا سەلیم ئیدریسە کە رێککەوتنی سەرێ کانی لەتوپەت کرد و وەک موهیب روکن سەددام حسێن کە رێککەوتنی جەزائیری لەبەرچاوی کامێراکان دڕاند ، بە هەڵوەشاوەی حسێب کرد.

لیوا ئیدریس وتی (وەک پۆستی خۆم لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئازاد رەتکردنەوەی ورد ودرشتی رێککەوتنی نێوان پەیەدە و ئەنجومەنی سەربازی پارێزگای حەسەکە ڕادەگەیەنم و بە هەڵوەشاوەی دادەنێم). رێککەوتنی ناوبراو بە نێوبژیوانی سیاسیی چالاک میشیل کیلۆ و وەفدێکی ئاشتی کۆتایی بە شەڕی نێوان یەکەکانی پاراستنی گەل و سوپای سوریای ئازاد لەسەرێ کانی هێنا و رێگەی بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی نێوان کورد و عەرەب تەختکرد.

لیوا ئیدریس وەک فەرماندەیەکی بەڕ و بەحر بەهاری عەرەبی هەر لە چوارچێوەی سنووری سوریای سایکس بیکۆ قەتیس دەکات، بۆیە بە نەفەسێکی شۆڤێنی داوای لە (چەکدارە کوردە بێگانەکان کرد بچنەوە قەندیل لە کوردستانی عیراق) و (کوردستانەکەی) ئەو بە جێبهێڵن تا وەک جەنەڕاڵێکی هەڵگەڕاوە شۆڕشی خۆی سەر بخات!. بێ فەزڵدانی هیچ هێزێکی کوردی بەسەر ئەویتردا هەموو کەس دەزانێ کوردی سوریا خەزینی چەکدارییین بۆ پەکەکە نەک پێچەوانەکەی!!، کەسیش خۆش باوەڕ نییە کە سوریا بەم زوانە دەکەوێت، بەڵام بۆ دەبێ ئەفسەرێکی تازە پێداکەوتوو وەک ئەسکەندەر خاک وخەڵک دابەش بکات؟

لیوا سەلیم ئیدریس بەو تورەییەشەوە بەخشندەیە و بە کوردی سوریا دەڵێت (مافە دەستووری و رۆشنبیرییەکانتان پارێزراو دەبێت) بەڵام لەبەر ئەوەی

ئێستا سەرقاڵی شۆڕشە تا ئەو ڕۆژە دێت پێویستە کوردەکان (عەسکەرییەن و مادییەن و مەعنەوییەن پشتگیری سوپای ئازاد بکەن بە هەرچی لەدەستیان دێت)

سەرۆکی ئەرکان مێژووش وەبیر کوردەکانی سوریا دێنێتەوە: ئێوە نەوەی سەلاحەددینی ئەیوبیین، بەڵام روونی ناکاتەوە بۆچی دەبێ کوردە بێگانەکان نەوەی ئەیوبی نەبن کە سەلاحەددین خەڵکی تکریتی لای عیراق بوو و دەستیشی بە حەسەن کیف و دیاربەکریش گەیشتووە؟ ئەمەیان روونە، چونکە جەنەڕاڵی شۆڕشگێڕ تا ئەو چاو ئەندازە شۆڕشگێڕە کە نەخشەی سایکس بیکۆ دەبینێت و بەهاری عەرەبی چونکە عەرەبییە هەردەبێ لەوێ رابوەستێ تا خۆی لە دیمەشق دەبێتە حاکمی پایتەختی ئەموی!

چونکە کوردانی سوریا نەوەی سەلاحەددینی ئەیوبین ئیدریس مافیان دەداتێ وەک هەر هاووڵاتییەکی سوریا بە کەرامەتەوە بژین، بەڵام ناپرسێ خێرە نەوەی سەلاحەددینی ئەیوبی هەر دەبێ کێوماڵی بندەستی جەنەڕاڵی سوپای ئازاد بن؟!

مەعلومە سەلاحەددین لە کۆڕی جەنگدا بووە ئەو سەلاحەددینەی دونیا باسی ئازایەتی وی دەکات پێش ئەوەش باسی لێبوردەیی و ئاشتیخوازی ئەیوبی تۆمارێکی زێرینە لە ئەفسانەی دەماودەم و کتێبە رەنگ خاکییەکانی رۆژئاوای مەسیحی دا، بەس دیارییە سوپاسالاری نوێ قاڵبووی کام نەبەردییە وا لە کوردان توورەدەبێت؟

چونکە مێژوو هەر بە شێوەی کۆمیدیا دووبارە دەبێتەوە بۆیە سەلاحەددینی سەردەم بە شێوەیەکی کۆمیدیانە بەخشندەیی دەنوێنێ، ئەوەتا لە کۆتایی بەلاغەکەیدا دەڵێ: (با کوردەکان رێ بە سوپای سوریای ئازاد بدەن بێنە ناوچەکانیان، ئەگەر سوپاکە ئەتک و دەستدرێژی کرد ئێمە ئامادەین گوێ لە سکاڵا و شکاتی کوردەکان بگرین)

حەرەس قەومی عیراق بەم نەفەسەوە وایزانی زوو لە جەنگی کوردستان دەبێتەوە بۆیە شەڕەکەی بە (نزهە الی شمال الوگن) دەزانی.

٢٥-٢-٢٠١٣

# سوریا لە چەکمەجەکەی جۆن کیری دا

وەرگۆڕان لە سیاسەتی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ئاستی پرسی سوریادا ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی سیاسی گەورەوە، عەجەبا چۆن ئیدارەی قۆناغێکی دژوار دەدات کە تێیدا تێکۆشان بۆ ئازادی هەبێ بێ ئەوەی بەری ئەم تێکۆشانە زوو بێتەدی و هەڵپەی دەسەڵات وەرگرتن هەڵپەی راکێش راکێشی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییان بۆ دروست بکات.

سیاسەتی نوێی ئەمریکا لەخولی دووەمی سەرۆکایەتی ئۆباماو لەسایەی وەزیرێکی دەرەوەی خاوەن دیدو ئەجێندای جیاواز، کە جۆن کیرییە، ئەدگاری سەرەکی ئەو وەرگۆڕانەیە، بەڵام جگە لە هەڵوێستی ئەمریکا بازنە نێودەوڵەتییەکەی روسیاو کەللەڕەقی رژێمەکەی ئەسەدیش کە پرسی کەوتنی خۆی بە نرخێکی گران راگرتووە، ئەمانەش بە دەوری خۆیان رۆڵی بەرچاویان گێڕا. فەزای گشتی مەیلی لە بە شێنەیی چارەسەری پرسەکەیە لە دەرەوەی بژارەی ئینقلابی دراماتیکی. جۆن کیریش کە دیدی دیپلۆماسی دەخاتە پێش دیدی چاوسوورکردنەوەوە ئەم فەزا گشتییە باربوو دەکات و نزیکایەتی لەگەڵ روسیا لە دۆسێی سوریادا، دەشێ وێستگەیەکیش بێت بۆ پەراوەکردنی هاوکاری و ململانێ لەجیاتی تەنها ململانێی یەک رەنگ و یەک ئاڕاستە.

واشنتۆن لە سەرەتای تەنگژەی سوریادا نەیویست دەستوەردانی مۆدێلی عیراقی و تەنانەت مۆدێلی لیبیاییش، لە سوریا دووپات بکاتەوە. ئەمەش نەک تەنها لەبەر ئاڵۆزی تۆڕی سوریا لە ناوچەکە بەڵکو رەنگە لەبەر ئەوەش بێت کەس لە عیراق نەیگوت سوپاس و تەنانەت دەستەبژێری حوکمڕانی بەغداش هەر بە خوێی چێشت تامی دۆستایەتی ئەمریکایان لێدێت.

بەڵام لە خولی دووەمی ئۆبامادا ئەم ویستەی واشنتۆن چاکتر جێگیر بووە، بۆیە بە دوای چارەسەرێکی مامناوەندییەوەیە کە گۆڕان لە سوریا بێتەدی، نەک بە کەوتنی ئەسەد، بەڵکو بەو جۆرەی گوێزانەوەیەکی نەرمی دەسەڵات هەبێت

که دواتر سەربکێشێت بۆ کشانەوەیەکی هێمنی ئەسەد با تەنانەت نەتوانێت عەیادەی دکتۆری دابمەزرێنێت وەکو ئیدعای رۆمانسی وایکردووە.

بەڵام لە حاڵێکدا گۆڕانی شێنەیش روو نەداو ئەسەد سەرە داوەکان بگرێتەوە دەست ئەوا سەرەنجام ئۆپۆزسیۆنی چەکدار کە قوڕی شۆڕشی سوریای خەستتر کردووە هەڵدەوەرێ و ژەنگ هەڵدێنێ. بەمەش دەسکەوتی سورییەکان لەم درامای خوێن و فرمێسکەدا تەنها ئەوە دەبێت ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی یەکەم دینگەی ئامادەگی خۆی دا دەکوتێت.

دەرکەوتنی توێژێکی ئۆپۆزسیۆن لە ناو میللـەتی سوریادا دوای چەندین دەیەی حوکمڕانی تۆتالیتاری دەبێتە سەرمایەگوزارییەکی دوور مەودا بۆ سورياييەکان کە لە مەودای داهاتوودا رژێمەکە بنکۆڵ بکات و ئەوەی پێ بسەلمێنێ کە تا ئێستا بە چالاکی چەکداری سوپای ئازاد نەیسەلماندووە.

ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە دوو ساڵی رابردوودا لەناو کەرنەڤاڵی لە باوەش گرتن و «ئاسانکاری شۆڕشگێڕیی» کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا دەژیا بەو ئومێدەی ئەسەد زوو بڕوخێ و دەوڵەتەکان وەبەرهێنانیان هەبێت لەو ئۆپۆزسیۆنەدا.

ئەوە کە ئیتر سیاسەتێکی مامەڵەی هاوسەنگ لەگەڵ لایەنەکانی سوریا (رژێم و ئۆپۆزسیۆن) نما بکات مانای وایە هەویری گۆڕانکاریی سیاسی لە سوریا ئاو زۆر دەکێشێ و جەنگاوەری سیاسی پشوودرێژی دەوێت. لەم ئاستەدا بەرپرسیارێتی سیاسی و پەرۆشی گشتی ئۆپۆزسیۆنێکی عاقڵمەند بۆ بەرژەوەندییەکانی گەلی سوریاو کەمکردنەوەی بڕی ئازارو مەینەتییان دەردەکەوێت و دەبێتە دەستمایەی بەرجەستەی خەڵکی سوریا بۆ گۆڕانکاری و ئازادی.

٢٦-٢-٢٠١٣

# ئەسەدو کورد

رژێمی سوریاش چاک دۆخی پەرەسەندنەکانی ناوچەکەی خوێندۆتەوە، هەرچەندە خۆی لەتەنگژەدایەو پریشکێکی گەورەی دەرهاویشتەکانی بەهاری عەرەبی بەرکەوتووە، بەمانا چاک ئەو خوێندنەوە چاکەی بەکار نەهێناوە.

ئەسەد بەوەفدێکی حزبی جەهەپەی وتووە، ئەگەر دۆخی ئەمڕۆ وا بڕوات پرسی کورد دێتەبەر رۆژەڤ و دەوڵەتی کوردی ئەمڕۆ لە هەر کاتێک زیاتر رێی تێدەچێت.

هەڵبەت ئەمەی وەک خەفەتێکی ئیقلیمی باسکردووە، بەڵام تەشخیسەکە جێی سەنجە.

وڵات سوریایە، لە دیمەشق پێشوازیی لە وەفدێکی تورکیا دەکرێت، باسوخواسیش لەسەر دەوڵەتی کوردییە، ئەمە رێک ئەوەیە کە مامۆستای کۆچکردوو مەحمود مەلا عیزەت لەزمانی شوئەن لای سەرکردەی دێرینی چینەوە دەیگێڕایەوە، هێزی نوێ، هاوپەیمانێتی نوێ و.... فەوزا لە هەموو شوێنێک، ئاماژە بۆ ئەوەیە دەستکاری ئەم دۆخە نەکرێت کە لەناوچەکە هەیە، دەستکاری سوریا نەکرێت کە هەمووان، بێگومان هەمووانی سەردەست ، لەم هاوسەنگییەدا کە سایکس بیکۆ خوڵقاندوویەتی قازانجیانەو هەر تەکانێک رووبدات فەوزا دەخوڵقێت.

هێزی نوێ بەرهەمی بەهاری عەرەبییەو هاوپەیمانێتی نوێش دەرهاویشتەیەتی، ئەوی سەرەتا بۆ گۆڕینی دیزاینی رژێمەکانی ناو قەوارە رەسمییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، خەریکە سەردەکێشێ بۆ گۆڕینی دیزاینی خودی قەوارەکان، رژێمی سوریا ئاگایی لەسەر ئەمە دەدات. بەعس لە دیمەشق جەهەپە لەتورکیا دەلاوێنێتەوە، حەسرەتە بۆ زەمانێک ناسیۆنالیزمی سەردەست بڕیاردەری یەکەم بوو لەم ناوچەیە.

سوریای رەسمی دەیەوێت بڵێت ئەمڕۆ تورکیای دادوگەشەپێدان دژی سوریایەو پشتیوانی شۆڕش دەکات، ئەمەش هەڕەشەیە نەک بۆ سوریا، بەڵکو بۆ تورکیایەک کە جەهەپە خۆی بە دامەزرێنەری دەزانێت و وای دامەزراندووە

که ئیمکانی رابوونەوەی کوردی تێدا نەبێت.

شاباشی ئاکەپە ناکەین، بەس دیارە بەعس بە جەهەپە دەڵێت ئاکەپە سەری ئێمەو ئێوەش دەخوات. ئەو هەمان شت بە کۆمەڵی نێودەڵەتیش دەڵێت کە بەهاری پراگ و بەهاری عەرەبیشی بەرپاکردووەو هێشتا لەنەورۆزێکی کوردستانیی سڵدەکاتەوە.

بەهەق دیمەشق باشی خوێندەوەو چاوی تیژە کە لە دوورەوە ئەدگاری هاتووی کورد دەبینێت، کەس نازانێت ئەم کوردە گەڕاوە بۆ ناو دیمەنی تابلۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی دەکات و چی دەڵێت؟

دیمەشق دەڵێت هەڕەشەو دەوڵەتی دەوێت، وەرن پشتیوانم بن تا ئەو تابلۆیە پێکنەیەت. کورد دەڵێت هەڕەشە نیم، بەشێکی رەسەنی ناوچەکەم، ئەمما چی دەوێت؟

هێزی نوێ، هاوپەیمانێتی نوێ، گەشانەوەی هیوا لەهەموو جێگایەک.

١٢-٣-٢٠١٣

# دیمەنی کورد لەسوریا

دیمەنی کورد لەسوریا خەریکە دروست دەبێت. دیمەنێک نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی بکات و هاوکاری سوریایەکی دیموکرات و مافبدەر بێت. پێش هەموو شتێکیش مافی گەلی کوردستان لەوێ کە مافی نەتەوەیی و نیشتمانیی و مافی دیموکراسیی و یەکسانیشە.

ئەوی گوزارشت لەم ئاواتانە دەکات هێزە کوردستانییەکانی ئەوێن کە چەتریان بۆ لایەنی کەمی هاوکاری هەیە. کورد لەناو ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەری سوریاش ئەندامی هەیە، ئەوەش دەشێ تەجرەبەیەک بێت بۆ سەنگ پەیداکردن کەجۆرێک نەرمونیانی سیاسی لەپەیوەندیی نوێنەرانی کورد لەناو ئۆپۆزسیۆن و نوێنەرایەتی راستەوخۆی حزبەکانی کوردایەتی دابین بکات. یەک بۆ یەکتری پشتیوان بن. ئەمە رەنگە پەراوێزێک بێت بۆ هەمەڕەنگی سیاسیی و پتر لەچانسێکی کارکردن بخاتە بەردەم کورد.

خولاسە بەشداری کورد لەناو ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەریشدا گرنگە، بەڵام هەموو شتێک نییەو نابێتە ئەڵتەرناتیف، نە بۆ هێزەکانی کوردایەتی و نە بۆ مافەکانی کورد لەسوریای داهاتوودا.

لەم چوارچێوەیەدا باشە کەکورد پۆستی باڵای هەبێت لەناو دامەزراوەکاندا (تەجرەبەی عەبدولباست سەیدا لەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی سوریاو نهاش تەجرەبەی غەسان هیتۆ لەسەرۆکایەتیی حکومەتی کاتییدا)، بەڵام ئەم پۆستداریيە نابێتە قیبلەی ئامالی کورد ئەگەر لائیحەی مافەکانی کوردی سوریا دەستەبەر نەکات و ئەگەر ئەم نوێنەرایەتییە بەناسنامەی نەتەوەیی کوردو هەڵقوڵاوی تەفویزی کوردایەتی نەبێت.

رەنگە ئەمە شرۆڤەیەک بێت لەدیدی کوردەوە، بێگومان ئەوانی تریش شرۆڤەی خۆیانیان هەیە. لێ ئەوەی لە بەیاندا دەرکەوتووە ئەوەیە ئێستا لەناوچەکەدا گۆڕانکاری قەوماوەو سوریا لەناوجەرگەی ئەم گۆڕانکارییەدایە، پەیوەندارانی رەوشی سوریا دەزانن کوردیش فاکتەرێکە ئیتر ناکرێ فەرامۆش

بکرێت، بۆیە ئەمان بەم جۆرە گوزارشت لەقبوڵکردنی کورد دەکەن کەمۆدێلی غەسان هیتۆ بێت. راستێکەی ئۆپۆزسیۆن دەزانێت پێشتریش سەرۆک وەزیرانی دەورانێکی سوریا محەمەد مستەفا میرۆ ناوێک بوو کەئەویش بە بنەچە کورد بوو، نە هیچی بۆ سوریاو نە هیچی بۆ کوردەکەشی کرد.

ناساندنی کوردو ئاواتەکانی هەنگاوی گەورەتری دەوێت، تازە قۆناغی وەرگرتنی رەگەزنامە یان پێگەی موفتی شام و سەرۆکایەتیی حکومەتی کاتی تێپەڕین ئەوانە هەنگاوی کەمن، کوردی سەدەی بیستویەک تێرناکەن. مەرج نییە قەدەری کورد هەر بوتب و میرۆ و هیتۆ بێت.

٢٦-٣-٢٠١٣

# ئیدارە لەڕۆژئاوای کوردستان

هەنگاوەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا بەهەمان ڕێڕەوی کوردستانی باشووردا دەڕوات: بەشێنەیی جێگیرکردنی دامەزراوەی کوردستانیی، خزمەتگوزاری و ڕێگا خۆشکردن بۆ سازکردنی هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی.

بۆ ئەوانەی لەبیریان چۆتەوەو بەپێچەوانەی بیروڕای باوەوە، کەس هانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی لەباشوور نەدا هەڵبژاردن بکەن و جۆرێک لەئیدارەی هەڵبژێردراو بۆ خۆیان دابنێن. نە بەغداو نە دەوڵەتە ئیقلیمییەکانیش پێیان خۆش نەبوو کوردستانی باشوور لە١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢دا بێ کۆمسیۆن و بێ UN و بێ چاودێری نێودەوڵەتی و لەکۆمەڵێکی تا سەر ئێسقان چەکداردا هەڵبژاردنێکی خۆرسکی بەڕێوەبرد. ئەگەرچی کوردستان دواتر تووشی دەردی ناکۆکی و شەڕ هات، بەڵام یارو نەیاریش هیچ گومانێک ناخەنە سەر ئەزموونی یەکەم هەڵبژاردن.

وڵاتانی ڕۆژئاواش کە لەدوای جەنگی ڕزگارکردنی کوێت بەشەرمەوە دۆسێی پشتیوانی کوردی دەکردەوە هەڵبژاردنی کوردستانی کردە دەروازەی هاوکاری و دەستگیرۆیی کورد.

بۆیە ئەمڕۆ ئەگەر ڕۆژئاوای کوردستان لەهێمنایەتی و ئاشتیدا ئەم ئەزموونە بکات دەتوانێت بیگەیەنێتە سەرکەوتن. بەتایبەتی کە هەلومەرجی دەرکەوتەکانی بەهاری عەرەبی وەکو هەلومەرجی دوای نەمانی دوو جەمسەری و سەرەتای ڕاپەڕینی ١٩٩١ نییە، هەلومەرجی ئێستا لەبارترە، بەڕاست یان بەدرۆ بێت هێزە سیاسییەکانی بەهاری عەرەبی و پشتیوانانیان لەئاستی نێودەوڵەتیدا موژدەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دەدەن و ناشتوانن وەکو جاران کورد لەم موژدەیە ببوێرن، دەریچەیەک کەکورستانی ڕۆژئاوا دەتوانێت بۆ دەستپێکی خۆی بەکاری بێنێت.

ئیدارە بۆ خزمەتگوزاری و دابینکردنی ئەمنیەت شتێکە کەس ناتوانێت بەرچەرچی بداتەوە، چونکە مەسەلەیەکی ژیانییە بۆ هاووڵاتیان لەهەر رەگەزێک

بن، ئەگەر ئەو ئیدارەیە بەهەڵبژاردنیش بێت باشترە، چونکە دیسانەوە کەس ناتوانێت بەرپەرچی مەنتیقێکی وا بداتەوە.

هەڵبژاردن دەتوانێت سەرەنجام پشتگیری نەتەوەو دەوڵەتەکانیش کەمەندکێش بکات لەدۆخێکدا بەهۆی بەهاری عەرەبییەوە دیدێکی رۆمانسی لەسەر دیموکراسی بڵاوبۆتەوە.

لەهەر هەلومەرجێکدا ئەم هەڵبژاردنە بکرێت سەرەنجام دەکرێ وەک ئەزموونێکی کوردی و وەک ئەزموونێکی سورپاییش سەیر بکرێت، بەتایبەتی کەئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا لەهیچ جێگایەک پێگەی نییە تا ئەزموونێک پیادە بکات. سەرەنجام ئەم ئەزموونە ئیدارییە مانای سیاسی و نەتەوەییش وەردەگرێت و باقی چیرۆکەکە هەمووان دیزانن.بەڵام ئەم ویستە خۆشە نایەتەدی ئەگەر پێش ئیدارەو پێش هەڵبژاردن هێزە کوردییەکان یەک نەگرن.

٣٠-٧-٢٠١٣

# روسیاو کوردی سوریـا

بۆ جاری دووەم وەزارەتی دەرەوەی روسیا لەسەر کوردی سوریا دێتە جواب، لەکاتێکدا هێشتا ئەمریکاو رۆژئاوا بەدوو دڵییەوە سەیری دۆسێی کوردستانی رۆژئاوا دەکەن لەناو بۆکس فایلی گەورەی سوریادا. رەنگە هەبن بڵێن جا روسیا بۆ ئوێنبازی و تانە لێدانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەڕەشەی ( (بەرەی نەسرە) ) لەدژی کوردی رۆژئاوا گەورە دەکات. هیوادارم وا تێنەگەین ئەوانی تریش لەڕێی خوادا هەڵوێستەکانیان نەخش دەکەن. روسیا دەوڵەتێکی گەورەیەو لەم سۆنگەیەوە فۆکس خستنەسەر مەینەتی کوردی رۆژئاوا لەقازانجی بزاوتی کوردستانییە لەو بەشەی کوردستاندا.

راگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوە شتی سەرنجڕاکێش دەڵێت: کارەکتەرە سیاسییەکانی کورد پێشنیازیان بۆ ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی سوریا کردووە کە پێکەوە بەرەنگاری نەسرەو قاعیدە پەیڕەوەکان ببنەوە، چونکە نەسرە بەڵڵایە بۆ کوردو باقی پێکهاتەکانی سوریاش، بەڵام ئەم پێشنیازە رەتکراوەتەوە.

راگەیەندراوی روسی هەروا دەڵێت: هەن دەخوازن شەڕی کوردو نەسرە رەنگ و ڕوویەکی نەتەوەیی وەربگرێت. واتا روسیا لەڕوانگەی خۆیەوە بەشێکی دیمەنەکە ئاشکرا دەکات کەبریتییە لەکۆششی هەندێک لایەن تا کورد وەک نەیاری عەرەب دەربخەن. ئەمەش لەناوچەیەکدا کەزیاتر لەشەستساڵە تەعریب دەکرێ و بەدەست حیزامی عەرەبییەوە دیل و یەخسیرە.

کێن ئەوانەی ئارەزوویان لەشەڕی کوردو عەرەبە؟.

رژێمی سوریا بخەینە ئەولاوە کەئارەزووی لەهەموو جیاوازی و ناکۆکییەکە، ئەوانەش قازانج دەکەن کەناخوازن هیچ بۆ کورد بسەلمێنن و لەدەریچەیەک دەگەڕێن کێشەی کورد نابوت بکەن تا، لەسوریای داهاتوودا، هیچ ئیلتیزامێکیان لەسەر نەبێت.

دەوڵەتە زلهێزەکان بەهەمان ڕووانینی نەتەوەی سەردەستەوە لەدۆزی کورد دەڕوانن، بۆیە دەخوازن کورد هەر سوری بن و لەچوارچێوەی سوریادا شۆڕش سەربخەن و «بەهاری عەرەبی» بەرپا بکەن. لەولاشەوە، دەستبژێری سیاسیی

عەرەبی، لەحوکمڕانی و لەنێوەندەکانی رای گشتی وەکو میدیاکاندا. شێتی ناونیشانی گشتی شۆڕشی سوریان و ناخوازن بچنە ناو وردەکارییەوە تا کوردو تایبەتمەندییەکانی ببینن.

میدیای عەرەبی شێتی ((شۆڕش)) بوون دوای چەندین دەیە لەڕەوتی بن دیوارییان لەسایەی رژێمە سەرکوتکەرەکاندا. بۆیە ئێستا هەموو شتێک بەپێوەری شۆڕشی سوریا دەپێون و تایبەتمەندی رەوشی کورد ناسەلمێنن. ئەمەش (شۆڕش)ی سوریا لەوە نزیک دەکەنەوە بەشێک بێت لەتەگبیری نەخشەکێشانەوەی ناوچەکەو فڕی بەسەر مۆڕاڵی بەهارو گۆڕانکارییەوە نەبێت.

دەستەبژێری عەرەبی لەدۆسێی کوردی رۆژئاوا هەمان هەڵەی سەدساڵەی خۆیان دووپاتدەکەنەوە کە لەتراژیدیای کورد بێدەنگ دەبن.

لەوانەشە روسیا ئەمجارە وەکو دەورانی کۆماری مەهابادو دەورانی بردنی دۆسێی کوردی عیراق بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان (ساڵی ١٩٦٣ کە مەنگۆلیا داوای لەUN کرد کورد قڕان لەعیراق شەرمەزار بکات) نەبێت و هەڵوێستەکەی تا سەر ببات. لەوانەش وا نەکات. گرنگ ئەوەیە کورد خۆی چۆن مامەڵە دەکات. مل بۆ رەوتی بێدەنگی عەرەبی دەدات یان خۆڕاگر و بەتەگبیر دەبێت؟.

٢-٨-٢٠١٣

# یەکێتیو کوردستانی ڕۆژئاوا

دوا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لەسەر دوو تەوەرە هەڵوەستەی کرد. هەڵوەستەی ناوخۆیی لەسەر پرسی دیموکراسی و ڕێوشوێنەکانی دەستوور سازی لە کوردستان، تەوەرەی دووەم لەسەر هەڕەشەکانی سەر کوردستانی ڕۆژئاوا. ئەگەر بە پێوەری پانتایی دەربڕینی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی بیپێوین، سەنگی تەرخانکراو بۆ دۆزی کوردستانی ڕۆژئاوا شان لە شانی ئەوی بۆ باسی پرسی ناوخۆی هەرێم دانراوە، دەدات.

ئەمەش ئەگەر چی درێژەی هەمان ڕێبازی کوردستانێتی یەکێتییە ، ڕەنگە ئاماژەی ئەوەش بێت کە پرسی ڕۆژئاوا گەیشتۆتە قۆناغێکی چارەنووسساز و مەسەلەی کورد، ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر، لەوە نزیک دەبێتەوە وەک یەک مەسەلە خۆی نمایان بکات. دونیا لە بەشەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەمی پێکهاتنەوە و زەمینە سازی تازەدایە، سەردەستەکان خۆیان بەم دۆخەی تا ئێستا رازی نین، ئیتر بۆچی پریشکی ناڕەزایی بەر کورد نەکەوێت؟

وەکو وایە لە دیوە سەلبییەکەشدا کاردانەوە دەرهەق بە کورد گەیشتۆتە ئاستێک کوشتوبڕی لە دژ دەکرێت. ئەوی ئەم تاوانە دەکات لەو هێزە سەرهەڵداوانەیە گوایە بە دۆخی ئێستا و ڕژێمی ئێستای بەعس، لە سوریا، رازی نییە.

ئەم هێزە تازە سەرهەڵداوانە کە بەرەی نەسرە نوێنەرایەتیان دەکات هەر لە ئێستاوە دژی فاکتەری کوردیین، بۆ ئەوەی ئەو فاکتەرەش پایەدار نەبێت و لە سبەی سوریای نوێ و ڕۆژهەڵاتی نوێدا داوای بەش نەکات، شەڕێکی ئیستباقییان لە دژی بەرپاکردووە .شەڕێک وەک بەیاننامەکەی یەکێتی دەستنیشانی کردووە کۆمەڵکوژییە.

یەکێتی لە سەرەتای شۆڕشی سوریا و بەدواهاتووەکانی ئەو شۆڕشەوە هەڵوێستی پڕەنسیپی خۆی ڕاگەیاند: پشتیوانی لە خەباتی گەلانی سوریا بەرەو دیموکراسیی کە لەو چوارچێوەیەشدا گەلی کورد لە ڕۆژئاوا بەشێکی بەرەی

خەبات و بەشێکی بەرەی ماف مسۆگەران بێت.یەکێتی پشتیوانی خەباتی گەلی کوردە و داوای یەکڕیزی و یەک هەڵوێستی کوردانی ئەوێ سەرباسی داواکانی بووە لە هێزەکانی رۆژئاوا بێ ئەوەی کوێخایەتییان بەسەرەوە بکات.

ئێستاش نەک هەر پشتیوان و هاو خەمییانە بەڵکو پرسی رۆژئاوا لە هەمبەر ئەو مەترسیانەی لەسەرێتی وەک پرسێکی گەورەی کوردستانیی دەناسێنێ و داوای لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئەوەیە سەنگەری خۆیان لە تیرۆر و توندڕەوەکان جیابکەنەوە و لەسەر ئەم کورد قڕانە بێنە جواب تا وەک وەفادارێکی دیموکراسی و ئازادی و سوریای خوازراوی ئایندە دەربکەون نەک لە ناو هەمان فەزای ئایدیۆلۆژی شۆڤێنی و توندڕەوی و نکۆڵی کردن لە حیسیەت و بوونی کورد رەفتار بکەن.

بانگەوازی یەکێتی هەر بانگەوازی ئیدانە و لە کۆڵ خۆکردنەوەی نییە، بەڵکو هەڵوێستی پشتیوانیی و پێشنیازە بۆ کۆتایی هێنان بە هەڕەشەکردن لە کورد و سەلماندنی ویست و وجودیان و نەخشە رێگایە بۆ کەڵک وەرگرتنی دیموکراسیانە و ئازادیخوازانە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لە جێی بەر یەککەوتن و تەوەللاکردنی فاکتەری کوردی.

٥-٨-٢٠١٣

# پشتیوانی کوردانی ڕۆژئاوا؟

ئەمە باشترین سیاسەتە بۆ مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی کوردستانی ڕۆژئاوا: پشتیوانیکردن لە خەبات و تێکۆشانیان، هاوکارییان لە لێقەوماوانی وەک ئەوەی ئێستا تووشی هاتوون لە هەمبەر بەرەی نەسرە و ڕەوتی توندڕەوی لە ناو سوریادا.

بەرەنگاری کوردی سوریا لە دژی ڕژێمی ئەسەد مانای ئەوە نییە هەموو شتێکی هەموو تەیفێکی ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەریی سوریا قبوڵ بکەن، وەک چۆن ڕاوەستانەوە لەبەرامبەر تەعریب و شۆڤێنیزم و بێ دادی ڕژێمی ئەسەد ڕەوایە، ئاوەهاش بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوانی وەک نەسرە کە ئیدیعای سەنگەر لە دژی ئەسەد دەکەن و بە کردەوە دەیانەوێت کوردانی ڕۆژئاوا بفەوتێنن، ڕەوا و هەقە. حوکمی بەعس ژەهرێکە زیاتر لە پەنجا ساڵە دەرخواردی ڕۆژئاوا دەدرێت، بەڵای بەرەی نەسرەش ژەهرێکی پاڵێوراوە کە دەبێ کورد لێنەگەڕێ نەک پەنجا ساڵ بەڵکو پێنج ڕۆژیش لە درامای ئایندەدا حزوری هەبێت.کوردی ڕۆژئاوا هەقیەتی لە ڕوانگەیەکی کوردانەوە هەڵسەنگاندن بۆ یار و نەیار بکات. ئەوانی تریش هەر وا دەکەن.

کوردی ڕۆژئاوا شایەنی بژارەیەکی باشترن و دەبێ خۆیان ئەو بژارەیە دیاری بکەن، ئێمەش هاوکاریان بین نەک کوێخا، پشتیوانی گەشەپێدانی خەباتەکەیان بین نەک وەکیل و وەسی.

کوردی ڕۆژئاوا پشتیوانی کوردایەتی سەرتاسەری کوردستان بوون، خەبات کردنی ئێستاشیان بۆ بەشی ڕۆژئاواش کوردایەتییەکی هەق و واجبە. دەرژێتە ڕووبارە گەورەکەی کوردایەتییەوە.ئەوە کە کوردایەتی لە ڕۆژئاوا لەوەختێکدا دەبوژێتەوە کە کوردایەتی لەسەرتاسەری بەشەکانی کوردستاندا بوژاوەتەوە، ئەوە خێر و بێرێکی دووقاتە ڕۆژئاوایە نەک عەیبو عارێک.

بیرکردنەوەش لە بژارەی گەورەی کوردستانیی لەم بەهاری ڕۆژهەڵاتەدا

کارێکی باشە، بەڵام نابێ بکرێتە بیانوو بۆ پەکخستنی (ڕێگای تایبەتی کوردانی ڕۆژئاوا)، یان خەباتی وان بکرێتە دەسکەلای هاوسەنگی سیاسیی لە هەر ڕەنگێک بێت.

دۆزینەوەی ئەدگارە سەرەکییەکانی سیاسەتێکی دروست بۆ کوردانی ڕۆژئاوا و بۆ مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و تەحەدداکانی بەردەمیان ئاسانە ئەگەر ئاستە واقیعییەکانی خەبات دەست نیشان بکرێت و بکرێتە قیبلەنومای ڕەفتار و گوفتاری سیاسیی: مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە و چەند مەسەلەیەکیشە.. یەک مەسەلەیی بوونی مانای نادیدە گرتنی بەربەستەکانی جوگرافیا ناگەیەنێت و چەند مەسەلەیی بوونیشی مانای تێنەگەیشتن لە چانسەکانی سەدەی بیستویەک ناگەیەنێت.

دەستگیرۆیی و پشتیوانیش ناکاتە کوێخایەتی و کۆمەکی نەتەوەییش ناکاتە ئەوەی ئیرادەی کوردانی ڕۆژئاوا بکرێتە بارمتەی ململانێی لێرە و لەوێ.

# کوردایەتی خۆی تەوەرەیە

پێداچوونەوە بەڕەوتی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنەکانی میدیای عەرەبی بۆ قەومانی سوریا لەبەشە کوردییەکەیدا، پتر لەسەرنجێکی رۆژنامەوانی و هەڵوەستەیەکی کوردانەی گەرەکە. بەتایبەتی هەڵسەنگاندنی نووسەرانی خاوەن نەزەرو بیروڕا کە هەموو شتێکی دۆسیێی کورد لەسوریا بەدووانەی سەنگەربەندی (شۆڕشی سوریا- رژێمی سوریا)وە دەبەستنەوە. لەکاتێکدا دوو ساڵ دوای گواستنەوەی (پەتا)ی بەهاری عەرەبی بۆ سوریا گۆڕانی زۆر بەسەر ئەم سەنگەربەندییەدا هاتووە، هیچ نەبێ لەڕووی هەڵسەنگاندنی مۆڕاڵی بۆ بەرەی (شۆڕش)، جا ئەگەر بەرەی رژێم وەک خۆی مابێت کە بەرەی سەرکوت و دیکتاتۆرییە ئەوا بەرەی یەکەم خەریکە تام و بۆی شۆڤێنی و توندڕەوی بەسەردا زاڵ دەبێت.

شۆڤێنی بەمانای مامەڵەیان لەدۆسیێی کوردو مافی نەتەوەکان لەسوریای دواڕۆژ و توندڕەویش بەمانای ئەوەی خەریکە خەیاڵدانی توندڕەوان جێی پرۆژەی دیموکراتیزەکردن و دادپەروەری دەگرێتەوە، ئەمەی بەحیساب تەنگێزەی بنچینەی بەهاری سوریاو هەڵگەڕانەوە بوو لە ئەسەد.

هەڵسەنگاندنی دوو هەفتەی رابردووی میدیای عەرەبی، وەک هی دووساڵی رابردوویان، هەڵسەنگاندنی دابەشکردنی درامای ململانێکەیە لەنێوان بەرەی خێرو شەڕدا کە دەبێ کوردی سوریا یەکیان هەڵبژێرێت، ئەگەر ئازادیخواز و گوایە لە «ریزی بەهار و شۆڕشە».

ئەم هەڵسەنگاندنە جگە لەوەی دابەشکردنێکی دینی و پیرۆکردنی سەنگەربەندییە سیاسییەکانە کە وەک نەریت هەمیشە لەجوڵەو گۆڕاندایە، ناهەقییەکە بەرامبەر کوردو بزووتنەوە سیاسییەکەی دەکرێت.

بزووتنەوەی کوردایەتی لەسوریا و لەتەواوی کوردستاندا بزووتنەوە گەلێکی مێژوو کردن و رەواییان لەڕەوایی مەسەلەی تائێستا چارەسەر نەکراوی کوردەوە وەردەگرن.

چوون لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێریشدا پرس و کێشە رەسەنەکان دەناسرێت،

مەسەلەی کورد ڕەوایی خۆی لەخۆیەوە وەردەگرێت، نەک لەسەنگەربەندی دیکەوە کە مێژووی بە سەرهات و قەومانەکانی سەدەی بیست سەلماندویانە زۆرجار سەنگەربەندی نەتەوە سەردەستەکان سەنگەربەندی کورتخایەن و پەیوەستی ئاڵوگۆڕی حوکمڕانی و دەستبەسەراگرتنی مەقەدەراتی دەوڵەتە تا ئەوەی سەنگەربەندییەکی جێگیر بێت وەک ئەوەی پرسی ڕەسەنی کوردی پێ دەناسرێتەوە.

راستێکەی کورد لێقەوماوە لەسوریا، وەک لەشوێنانی تریش، دەنا سەنگەری کوردایەتی تەوەرەیەو هی ئەوەیە ئەوانی تر تەڤلی بن، نەک کورد پەلکێشی پێدراوە گۆڕاوەکانی خۆیان بکەن.

٢٠١٣-٨-١٦

# دیواری تەرم، دیواری شەرم

لەملا دیوارێک رۆدەکرێت بۆ دابڕانی پەیوەندیی نێوان باکوورو رۆژئاوای کوردستان و لەولاش دیوارێکی تر دەڕووخێنرێت بۆ چاککردنی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی تورکیا.

دیواری یەکەم ئەوەیە کەتورکیا بەبیانووی پاراستنی ئەمنییەتەوە لەسەر سنووری رەسمی سوریا دروستی دەکات و چالاکانی سیاسی لەباکوور ناویان لێ ناوە دیواری شەرم.

دیواری دوومیش ئەوەیە دیوار بەندە گەورەکانی لەسەریان نووسراوە (چەند بەختەوەرە ئەوەی دەڵێ تورکم) لەشارە گەورەکانی باکوور لادەبرێن. ئەم دیوارە جێبەجێکردنی پاکێجی دیموکراتی ساین ئەردۆغانە کە تەرمی ئایدیۆلۆژیای شۆڤێنیزم و کەمالیزم دەنێژێ و دەرگا بۆ ماف و دادپەروەری و پەیوەندییەکی باشتری کوردو تورک دەکاتەوە.

دیواری یەکەم دیواری تەرمەو دیواری دووەم دیواری شەرمە، هەردوو دیواری ئاواکراو و رووخاو جوانترین بەڵگەن لەسەرئەوەی تورکیا بەقۆناغێکی راگوزەردا تێپەڕدەبێت تا لەنێوان دەورانی ئەتاتورک و دەورانی ئەردۆغاندا لەسەر ناسنامەیەکی نوێ دەنیشێتەوە.

کەس پێشبینی نەدەکرد دیواری تەرم بڕووخێ، مەگەر تەنها تێکۆشەرانی کوردی باکوورو پێناوانی رێی ئازادی لەتورک و نەتەوەکانی تر نەبێت، دیواری شەرمیش زۆر ناخایەنێت کەدەکەوێت، چونکە پەرچەکردارێکی حکومەتی ئێستایە لەبەرامبەر دۆسێی سوریا کەپێدەچێ پەیەدەو لەپشتەوەش پەکەکە چاکتر لە (دادو گەشەپێدان) ئیدارەیان دابێت. ئەمەش پەرچەکرداری لێ قەوماوە.

کوردی باکوور هەرگیز بەڕۆژئاوا ناڵێن رۆژئاوای کوردستان، تەنانەت کوردی ئاسایی ئەوێش پێی دەڵێن سەرخەت و بن خەت، چونکە لەسەرەتای دامەزراندنی تورکیای کۆماری و سوریای فەرەنسایی، رێی شەمەندۆفێری ئەو ناوچەیە (رۆژئاوا)ی لەکوردستانی عوسمانلی (کوردستانی مەرکەزی) دابڕی،

یانی رێک ئەو وەسفەی بەسەردا جێبەجێدەبێت، کە مامۆستا هێمنی موکریانی پێی دەگوت (بستۆکەی سنوور).

پێش ئەم بەهاری عەرەبییە حکومەتی دادو گەشەپێدان بەگوێرەی تیۆری زیرۆکردنی کێشەکان لەگەڵ دەرو جیراندا تەواوی سنووری لەگەڵ سوریای دراوسێی هەڵگرت. راستە رێککەوتنەکە هی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە بوو، بەڵام پێش سیاسەتی رەسمی هەر دوو دەوڵەت کوردەکانی بن خەت و سەرخەت کەڵکیان لەم (زیرۆکێشەکان)ی داود ئۆغلۆ وەرگرت.

کوردی هەردوو دیو جگە لەهاوبەندی نەتەوەیی خزمی یەکیشن و ژن و ژنخوازییان لەنێواندا هەیە. بەدرێژایی تەمەنی کۆمار لەجەژندا، یان بەقاچاخ، خزمایەتیان دەمەزەرد دەکردەوە.

بەهاری عەرەبی هات کێشەکانی نێوان دیمەشق و ئەنقەرەی قووڵتر کردەوە. تیۆری زیرۆکردنی کێشەکان شوێنی بۆ زۆرکردنی کێشەکان چۆڵکرد. ئەنقەرە بەهاوکاری ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەیەوێ ئەسەد لەدیمەشق نەمێنێ و پەیەدەش بەهاوکاری براکانی، لەقەندیل و لەدیاربەکر، شەڕی توندڕەوەکانی بەرەی نوسرە دەکات، لەم ئاستەدا تورکیا دەخوازێت ئەم هەڕەشانە بەدیواری کۆنکرێتی دابخات.

نها کوردی باکوور چالاکییان لەدژی دیواری شەرم دەستپێکردووە، ئەم دیوارە ناڕووخێ تا ئاکپارتی و کوردی باکوور پەنجەرەی تر بۆ گفتوگۆو چارەسەری نەکەنەوە.

٨-١١-٢٠١٣

# ئەمریکاو کوردی سوریا

ئەرکێک کە باڵیۆزی ئەمریکا لەدیمەشق بەکوردە لێقەوماوەکانی کوردستانی رۆژئاوای دەسپێرێت ئەمریکا بەو جەبەروتەی خۆیەوە پێی جێبەجێ ناکرێت، لەبیرمان بێت یەکێک لەو رەخنانەی گوتاری سەرۆک ئۆباما لەسەرۆکی پێش خۆی، جۆرج بۆشی کوڕ، هەیبوو، ئەرکی قورسی دوو زەردێنەیی بوو. واتا چۆن لەیەک کاتدا دووشەڕ لەعیراقو ئەفغانستان بەڕێوە دەبرێ؟ دەبێ یەکێکیان کۆتایی پێ بێت. ئۆباما کەخۆی بووە سەرۆک، دۆسێی شەڕی عیراقی داخست بێ ئەوەی شەڕەکەی پێ یەکلایی بکرێتەوە، گوایە گرانایی دەخاتە سەر شەڕی ئەفغانستان، وا بزانم ئەمیشی چوو، ئەویشی پێ یەکلا نەبوویەوە.

جا ئەمریکا بەو قودرەتمەندی و هێزە ئەفسانییەی خۆیەوە شەڕی دوو بەرەیی پێناکرێت، کەچی باڵیۆز رۆبێرت فۆرد داوای ئەوە لەکوردی رۆژئاوا دەکات. شەڕی ئەسەد بکەن و شەڕ بۆ سەرکەوتنی بەرەی میانڕەوەکانیش بکەن لەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریادا.

باشە ئەمریکا یان تەنانەت هێزە هاوپەیمانە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی تریش توانیویانە وەک موکێش توندڕەو و میانڕەوەکان لێک جیابکەنەوە؟.

توانیویانە سوپای ئازاد لەسوپای بەرەی نوسرەو قاعیدە لێک دابڕێنن، تا ئێستا ئەم داوایەش بەکورد بسپێرن؟.

بێگومان باڵیۆز فۆرد سەربازێکی دیپلۆماسیی ئازایە کە چەند جارێک توانی سەر لەناوچە گەرمەکانی پێکدادانی نێوان ئەسەدو شۆڕشگێڕەکان بدات، بەڵام سەرەڕاش نە دیپلۆماسیی ئەمریکی و نە سیاسەتی نێودەوڵەتی نەیانتوانیووە سەنگەرەکانی ململانێ لێک جیابکەنەوە بەجۆرێک بەرەی ئەسەدو بەرەی ئازادیخوازانی سوریا

تایتڵی سەرەکی دۆسێی سوریا بن. سەرزەمینی واقیع زۆر لەوە ئاڵۆزترە کەکورد بەتەنیا خۆی بتوانێت پۆلێنیان بکات. ئەگەر پۆلێنیشیان بکات ناتوانێت لەیەک کاتدا شەڕی ئەسەدو شەڕی توندڕەوەکانیش بکات بۆئەوەی بەرەی میانڕەوەکان سەربکەون و گوایە ئەوان لەسوریای ئایندەدا مافەکانی کورد بەدەستووری بکەن؟.

کورد شەڕی دوو ئەرکی پێ رایی دەکرێت؟.

٢٠١٣/١١/١٧

# کوردو عەرەب لە رۆژئاڤا

ئەگەر ئیدارەی کوردستانیی لە رۆژئاڤا دابمەزرێ و بمێنێ و گەشە بکات ئەوا خێروبێرەکەی هەر ئێستایی و هەر بۆ کوردی رۆژئاوا نابێت.

خێروبێرەکەی بۆ ستراتیژی نەتەوەی کورد و پەیوەندیی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەبیش بەکەڵک و باشە.

ئەگەر ئەم ئیدارە کوردستانییە کاتییە ببێتە دیفاکتۆیەکی سیاسیی کە لە دوارۆژی سوریادا وەک ستاتۆیەکی کوردی قبوڵبکرێت و رەهەندی دەستووریی پێ بدرێت ئەوا نێوانی کورد و عەرەب لە سوریا و لە ناوچەکەشدا دەچێتە قۆناغێکی نوێوە. لە پێشدا لە سوریا و ئینجا لە ناوچەکەش.

ئێوە لەوە گەڕێن ئۆپۆزسیۆنی ئێستای سوریا و رژێمی سوریاش هەردووکیان کەیفیان بەم هەنگاوەی کوردان نایەت، ئەمە شۆکی ساتە وەختی دروستبوونە و سبەی نا دووسبەی وەک عەرەبی عیراق، بە ئۆپۆزسیۆن و حکومەتەوە، بە شیعە و سوننەوە، لەگەڵی ڕادێن و وەک واقیعێکی بەرجەستە مامەڵەی قازانج و وەبەرهێنانی لەگەڵدا دەکەن.

خۆبەڕێوەبەری کوردستانیی لە عیراق بە چەندین قۆناغ و فلتەردا تێپەڕی تا گەیشتە فیدراڵی و لە عیراقی دیموکراتی دوای سەدامدا بووە واقیعێک کە هەمووان دانی پێدا دەنێن. لە سوریاش چیرۆکەکە هەر وایە، چونکە بەشەرەکان هەر خۆیانن، هەر کورد و عەرەبن چ لەم دیو بن و چ لەو دیو.

سوریا وێستگەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی نەتەوەی عەرەب، لە کۆی وڵاتانی عەرەبی، لە رەوایی پرسی کورد و داخوازییەکانی. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە کە بەعسی عیراق لە ئاداری ١٩٧٠ رێککەوتنی حوکمی زاتی لەگەڵ کورد ئیمزا کرد، بەعسی سوریا تەپڵی پێ لێدان، گوایە بەعسەکەی عیراق خاکی عەرەبی بە کوردان فرۆشتووە، جا ئەگەر سوریای ئێستا و سوریای داهاتووش لەگەڵ ئیدارەی کوردستانیی رابێن ئەوا بازێکی چۆنایەتی لە چارەسەری مەسەلەی کورد و لە فۆرماتکردنەوەی پەیوەندیی کورد و عەرەب دەنێین.

تا سەرەتای سەدەی بیستەم کەیسی ململانێی کورد لەگەڵ تورک و ئێران، هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، بوو، دوای رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ و دەرەنجامەکانی شەڕی جیهانی یەکەم کوردستان کە بەشێکی درایە عیراقی ئینگلیزی و بەشێکی درایە سوریای فەرەنسی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبیشدا تووشی بەریەککەوتن و ململانێ هات.

یانی کورد بێ ئەوەی لە دەرگیری لەگەڵ فارس و تورک رزگاری بێت لە عیراق و سوریا بووە یەخسیری دەستی عەرەب. بەمەش هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب کە لە سەدەکانی رابردوودا هاوڕێی بندەستی و بێ مافی نەتەوەیی بوون، سەدەی بیستیان بە شەڕ و شۆڕ و ناکۆکی بەڕێکرد. کورد بندەست و عەرەب سەردەست، چونکە سەدەی بیستیش چەرخی دەوڵەتی خاوەن تەکنەلۆژیای سەربازی و جەنگ بوو خوێن و فرمێسک ئەم پەیوەندیانەی ئیدارە دا. دروستبوونی قەوارەی کوردستانیی لە عیراق و هاوشێوەکەی لە سوریا لە باریدایە فاکتەری عەرەبی لە گۆڕەپانی دوژمنایەتی لەگەڵ کورد بێنێتە دەرەوە و رێگا بۆ نێوان خۆشی هەردوو نەتەوە تەخت بکات.

ئەمجارەیان لە بندەستی نا، بەڵکو لە وەک یەکی و ئازادیدا پەیوەندیی و دۆستایەتی دەبەستینەوە.

رەنگە ئەمە وەک شرۆڤەیەکی رۆمانسی بێتە بەرچاو بەتایبەتی کە کورد و عەرەب لە عیراقیش هێشتا کێشەیان هەیە، بەڵام ئەم کێشانە کەنالیزەکراون و جۆگەڵە بۆ بەڕێکردنیان کراوەتەوە. با ئێمە هەر سەیری کاردانەوەکانی ئەمڕۆ و بەرەنگاری هەنووکەیی نەتەوەی عەرەب و دەوڵەتانی عەرەبیش نەکەین. ئەمانە پەرچەکرداری ئاسایین و سبەی کە شۆکەکە هەڵدەمژن واقیعی نوێ فاکت و پێدراوی نوێ دەخوڵقێنن.

ئەگەر وێستگەی رۆژئاوا وەک بچووکترین بەشی کوردستان ئیدارەکەی جێگیر و سەری بخات مانای وایە بچووکترین بەشی وڵاتەکەمان گەورەترین خزمەتی سەرتاسەریی بۆ نەتەوەی کورد و پەیوەندیی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب تۆمار دەکات. دەبێ لەم چوارچێوەیەدا، نەک بەئەنگێزەی بەش و کورسی لە ئیدارەی داهاتوودا، هەڵسەنگاندن بۆ ئیدارەی کوردستانیی لە رۆژئاوا بکرێت.

٢٩-١١-٢٠١٣

# له مهابادەوە تا جزیرە

ئیدارەی کاتیی لە جزیرە یەکەمین ئیدارەی کوردستانییە لە سەدەی بیستویەکدا، گرنگ نییە لەسەر دەستی کێ دەبرێ بەڕێوە، ئەگەرچی گرنگە هەمەلایەنە و هەموولایەنەکانی تێدابێت، گرنگتر لە هەموو ئەمانەش درێژەپێدان و پەرەپێدان و سەرخستنێتی تا ئاستی دابینکردنی مافی گەلی کوردو پێکهاتەکانی تر لەو بەشەی نیشتمانەکەمان: «رۆژئاڤا».

وەختی دامەزراندنی ئەم ئیدارەیە هاوکاتی کۆنگرەی (ژنێڤ٢)ە کە کورد وەک ناسنامەیەکی سەربەخۆ بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە نەکراوە، ئەگەرچی چەند سیاسەتمەدارێکی کورد لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی سوریدا کۆشش بۆ رۆڵگێڕانێکی کوردانە دەکەن. هێشتا روون نییە (ژنێڤ٢) چی لێ دەکەوێتەوە و دژوارە پێشبینی نەخشەڕێیەکی راحەتی بکەین بۆ سوریای دواڕۆژ، بەڵام هاوکاتیی راگەیاندنی ئیدارەی کاتی لە جزیرە لەگەڵ کۆنگرەی ژنێڤدا مەسجێکی کوردستانییە بۆ ئەوانەی ئەمڕۆی سوریا و بۆ ئەوانەی دواڕۆژی سوریایان بەدەستە.

راستە ئەمڕۆ کەس زمانی کوردی ناخوێنێتەوە، بەڵام حەرفی کوردی هەتاسەر بە تەلیسماوی نامێنێتەوە و گرێی بەختی هەر دەکرێتەوە، لە ژنێڤ ٢ش نەبێت، لە ژنێڤ سێ و چوار ئاکامێکی جیاواز دەبینین.

کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ژنێڤ ٢ بەو هەموو تەگبیر و ئامادەکارییەشەوە زەحمەتە دەریچەیەک بۆ تەنگژەی شام بدۆزێتەوە، چونکە گرێی شام وا ئاڵۆزکاوە کە ئیتر بووە بە نیشتمانیی پێکادانی پێکناکۆکە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و لە دەست لایەنێک دەرچووە بێ ئەوەی بکەوێتە چنگی لایەنێکی ترەوە. لەبەرامبەردا تەگبیری ئیدارەی کوردی ئەگەرچی رەنگە بە کەمترین خەرجی رێورەسمەوە ئامادەکرابێت لێ چونکە لە ناوەوە هەڵقوڵاوە، درەنگ یان زوو، گوڵ دەگرێ و دەرەنجامێک دەدات. دەرەنجامێک دەدات، دەرەنجامێک کە دیسانەوە رۆڵی فاکتەری ناوخۆیی پایەدار دەکا و دەیکاتە

پێشمەرجی لاکردنەوەی بەخت و ئیقبالی فاکتەری دەرەکیش، مادام ئەو فاکتەرە دەرەکییە ئێستاش هەر خۆی و کارەکتەرە سەرەکییەکانی دەبینێ و کارەکتەری لێقەوماوی وەک کورد بە پلە دوو و کەمتر سەیر دەکات.

رەنگە کەمترین فۆکسی میدیاکانی جیهان لەسەر مێزی راگەیاندنی ئیدارەی کوردستانیی جزیرە بووبێت، تەنانەت میدیای کوردیش بەقەدەر ئەوەی پێ رەوا نەبینی کە بۆ کەیسی بچوکتری بە رەوا زانیووە، بەڵام گرەوی ئەم ئیدارەیە لە فۆکسی کامێرا و رەونەقی میوانەکاندا نییە کە لەمەدا هەرگیز شان لەشانی ژنێڤ ٢ نادات، گرەوی ئەم ئیدارەیە لەوەدایە ببێتە ئاوێنەی ویست و خەونی کوردستانیانی رۆژئاڤا و هێزەکانی کوردایەتی لەوێ لە دەوری ئەزموونی خۆی کۆبکاتەوە. ئەگەر ئەمەی کرد حکومەتەکەی تەمەن درێژتر دەبێت لە تەمەنی بەهاریی کۆماری کوردستان کە دوێنێ یادە بەرزەکەی بوو، تەمەنی ئەم ئیدارەیە گرەوێکی کراوەیە کە شان لە شانی تەمەنی ئیدارەی کوردستانیی باشوور بدات و پێکەوە بۆ ئایندەی نەتەوەی کورد نەشونما بکەن.

٢٣-١-٢٠١٤

# فەنتازیای داعش

دەستەواژەکەم لە رامیار مەحمود-ەوە وەرگرتووە کە لەسەر فەنتازیای جیهانی (داعش) قسەی دەکرد.

گوایە دونیای ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە پڕیەتی لە فەنتازیا. شەرحەکەی ئەو شتێک بوو لەبابەت ئەو سەرهەڵگرتنەی تووشی گەنجانی چەپ لەهەموو دونیا هاتبوو وەختێک ملیان پێوەنا و لەشۆڕشی ئیسپانیا بوونە جەنگاوەری ئینتەرناسیۆناڵ. شەڕی ئیسپانیا بەو حاڵەشەوە هەر بەشەڕی ناوخۆیی وڵاتێک ناوی دەرکرد ئەگەرچی دووبەرەی جیهانیی لەدەوری خۆی ئاڵاند.

هەرچی شەڕی داعشە هێشتا لەنیشتمانیی سەنگی ئیقلیمیدا دەخولێتەوە، بەڵام چونکە ئیقلیمەکە، سوریا، ناوەندی زۆرانبازییەکی گەورەی دوا رۆژی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئەسەری لەدونیای سەرەتای سەدەی بیستویەک زۆرترە لەئەسەری ئیسپانیا لەدونیای سەدەی بیست. ئەوی ئیسپانیا دراوسێی زەمەنیی شەڕی ئایدیۆلۆژی چەپ و راستی دونیای ئەو سەردەمە بوو، ئەمی داعش لەسەر زەمینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە لەپشتییەوە سەد ساڵ لەجەورو ستەمی سایکس بیکۆ و رۆچوونەکانی دیکەی هەیە. فەنتازیای داعش لێرەدایە، یانی ئەوە فەنتازیا نییە کە توندڕەوەکانی قاعیدە لەهەر جێیەکی دونیاوە بێت دێنە سوریاو باخچەی پشتەوەی کەئێستا رومادییەو سبەینێ خوا دەزانێ کوێیە؟.

فەنتازیا ئەوەیە داعش لەناوچەیەک ئۆینبازی دەکات کەپڕە لەبرینی نەتەوەیی و مەزهەبی و بچووکترین جولە برینەکانی ئەکولێنێتەوە.

داعش لەناوچەیەک تەقوتۆقی دامەزراندووەو جیهادییەکان بۆ تیرۆرکاری کۆدەکاتەوە کە لەساڵی ١٩١٦ەوە یەک شقڵی وەرگرتووە لەجوگرافیاو لەڕەسمی دەوڵەتدارییدا، کەچی داعش وا خۆی دەناسێنێ رێکخراوێکە بۆ یەک دەوڵەت کەدەوڵەتی ئیسلامیی سوریاو عیراقە. سنوورە رەسمییەکانی دوو دەوڵەتی دراوسێی سڕیوەتەوە کە بەعسی سەددام و بەعسی ئەسەدیش

نەیانتوانی بیسڕنەوە.

فەنتازیای داعش ئەوەیە دەوڵەتی گەورەو دامەزراوەی گەورە، سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەکانی دونیا، هێشتاش لەدەوری چارەنووسیی رەسمی سایکس بیکۆ دەخولێنەوەو بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکانی نەتەوە بندەستەکانیش هەمان رێیان گرتۆتەبەر، ئەم هاتووە دەوڵەتێکی دوو زەردێنەیی پۆست سایکس بیکۆی راگەیاندووە.

داعش گوزارشتێکی کۆمیدییە لەتراژیدیایەکی دوورو درێژی ئەوتۆ کەدوو ساڵی تر سەد خولی خۆی تەواو دەکات.

٢٠١٤-٢-١٧

# سوریا لەپەراوێزدا

# دیمەشق

ئەگەر خەڵکی سوریا رەمەزانی داهاتوو لەسایەی دەسەڵاتێکی نوێدا نەژین ئەوا دوای جەژن پێی شاد دەبن. پایتەخت فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لەهەر جولەیەکی سیاسیدا، شۆڕش بێت یان ململانێی ناوخۆیی یان تێکەڵەیەک بێت لەهەر دوکیان وەکو دۆخی سوریا پێی گەیشتووە.

شەڕ گەیشتە دیمەشق و درزی خستە دیواری رژێمەکەشەوە، ئەوی وازی هێناو ئەوی لەهێرشەکەی دوێنێدا لەناوچوو. ئەمەش هەوەسی ئۆپۆزسیۆن بۆ تەواوکردنی ئەرکەکە زیاتر دەکات.

شەڕەکە لە چ رەوشێکدا ئیجرایە؟

–ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەدونیا پەستە کەلەسەری نەهاتۆتە جواب و دەستی دەستی دیبلۆماسی پێکردووە. لەرژێمەکەش پەستە کە ئەو هەموو قەتڵوعامەی کردووە

–کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش دوودڵ و نیگەرانە چونکە نەیتوانیووە هەڵوێستێکی یەکگرتووی هەبێت، مانای وایە هیچ تەگبیرێکی هاوبەشی بۆ دوای ئەسەد نییە. ئەمە رەوشەکە دژوارتر دەکات چونکە هیچ لێکگەیشتنێکی نووسراوی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نییە، ئۆپۆزسیۆن خۆشی گرێبەستێکی لە نێوان خۆیدا نییە کە هێڵی گشتی دوای ئەسەد بێت. ئەمەش دۆخەکە بۆ بازووی هێزە چەکدارەکان و بەهێزترینیان بە جێدڵێت. کێ گۆرەپانەکە کۆنترۆڵ دەکات سوپای سوریای ئازاد یان ئۆپۆزسیۆنی ئەفەندی یان ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەناکاو دێتەکایەو؟

ئەم بەزمە هەر لەدیمەشق نابێ، جەژنانەکەی دەگاتە کوردستانی رۆژئاواش. راستە کورد لەوێ یەکی گرتۆتەوە بەڵام هیچ نووسراوێکی لەگەڵ دیمەشق ئیمزانەکردووە، نە دیمەشقی کۆن کە ئەم رەمەزانە ململانێ دەکات و نەدیمەشقی تازەش کە دوای جەژن حیسابی لەدەست دەبێت.

جا ئەو ئۆپۆزسیۆنانە ئیمزایان لەگەڵ کورد هەبێ پاشگەزدەبنەوە، ئەدی ئەگەر نەیانبێت؟

١٩-٧-٢٠١٢

# کێ دەڕوخێ؟

پێش ئەوەی حکومەتی ئەسەد بڕوخێ، هەلومەرجەکە حکومەتی داهاتووی سوریا یانی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا دەروخێنێت. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی ئەسەد دانایی مانەوەی دابین کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی ڕاڕاو دوو دڵە.

ڕۆژئاوا هەوڵدەدا روسیا و چین بکاتە باعیسی ئەم ڕاڕاییەی خۆی، بەڵام لەڕاستیدا پەکین و مۆسکۆ هەنجەتن، دەنا ئەوی جێگیرە روانینی روسیا و چینە و ئەوی گۆڕاوە و دوو دڵە واشنتۆن و پایتەختە ڕۆژئاواییەکانە.

بۆچی ئەمانە دوو دڵن؟ چونکە لەئاسۆی نزیکدا سوریایەک نابینن دوای ئەسەد یەک لە دوو قازانجی سەرەکییان بەدی بهێنێت: یەکەمیان بەرژەوەندییەکان و ئەوی تریان بەهاکانە. ئەگەر هەر کامێکیان دابین ببێت بۆ ڕۆژئاوا دەبێتە دەستکەوت و هەروا سەبووریش بۆ دابین نەبوونی ئەوی تریان.

لە عیراق وابوو، لە لیبیاش هەروا دەبێ. تەجرەبەی ئەم دوو وڵاتە بەئەمریکای گوتووە لەسەر کاغەزی سپی ئیمزا بۆ هیچ ئۆپۆزسیۆنێک ناکەم، ئەگەر کاغەزی شێوەی حکومڕانی داهاتوو ئیمزا نەکا و ڕوونی نەکاتەوە چۆن سەیری ئەمریکا و دۆستەکانی دەکات؟

عیراق وا تەوەللا بووە لە ئەمریکا کە ناچاربوو زوو بەزوو بکشێتەوە.

لێرە دەریچە بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا نەماوە ئەوی عیراق و لیبیا دووپات بکاتەوە. بۆیە پێش رووخانی ئەسەد ئەوان خەریکە دەکەون.

نیمچە دەریچەیەک هەیە تا لە گۆڕەپان بمێنێت. ئەویش هەمان دەریچەی مانەوەیە بۆ ئەسەد: هەردوولا لە بەرامبەر یەکدا قیت ببنەوە، ململانێی ناوخۆیی تا دەورانێکی تر.

٢٠١٢/٦/٧

# ژیانی دیکتاتۆرەکان

ئاماژەی کەوتنی هەر رژێمێک بڵاوبوونەوەی سیدی و گرتە ڤیدیۆییەکانی سەرانی ئەو رژێمەیە. وەک ئەوەی ئێستا لە ئەسەد دەقەومێت. یان سبەی لە سەرکردەکانی تری بەعسەوە دزە دەکات.

کە بەعسی ئەمدیو کەوت بەعسی ئەودیو نەیتوانی کەڵک لەدەرسەکانی وەربگرێت. ئیتر باس لە کەوتنی رژێمەکانی تر ناکەم مادام دوو حزبی برا نەیانتوانییوە کەڵک لە یەکتری وەربگرن.

کە بەعسی عیراق کەوت سیدییە شەخسییەکانی سەددام و بنەماڵەکەی بڵاوبووەنەوە. ئەمە ئاهەنگی لەدایکبوونی حەلا و ئەوەیان گەشتێکی بنەماڵە بۆ تکریت، لێرە ئاهەنگی شووکردنی رەغد و ئەوی تریان سەیران بۆ هاوینەهەوارەکانی کوردستانی دوای ئەنفال. گرتەکان هیچ نەبێ ئەوانەی من بینیومن نۆرماڵن. هەموو خێزانێک گەشت دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن.

بەڵام خەڵک تەماشای ئەم سیدییانە دەکەن بۆ بینینی دیکتاتۆر وەک خۆی کە مرۆڤە و ژیانێکی ئاسایی دەگوزەرێنێت لەگەڵ کەسوکارییا. وەک فزوڵێک و وەک تۆڵەیەکیش کە دیکتاتۆر لە حوکمڕانی خۆیدا ژیانی کەسەکانی تاڵکردووە و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی راسپاردووە هەناسەی سینگ و ترپەی دڵ و چرپەی ژیانی شەخسی کەسەکان چاودێری بکەن. دیکتاتۆر لە حوکمڕانی خۆیدا هەموو نهێنی و هەموو تایبەتمەندییەکی گوزەرانی رۆژانەی خەڵکی ئەتک کردووەو تۆماری کردوون. بۆیە کە دەکەوێت خەڵک بەم جۆرە تۆڵەی لێ دەکەنەوە: سەیری ژیانی شەخسی و ساتەوەختە ئاساییەکانی بکەن.

ئەوی لەسەر سەددام و خانەوادەکەی لەفەیسبووک و یوتوب و سایتەکاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەوەیان لەسەر خۆیان حەڵاڵکردووە مادام پێشتر ژیانیان لەخەڵکی حەرام کردبوو.

٢٠١٢/٧/٢٤

# ئیخوانی سوریا

خوا خێری ئیخوانی سوریا بنووسێ کە بەرنامەی خۆی بۆ دوای ئەسەد ئاشکراکرد ئەگینا کەس داوای لێنەکردووە تەکلیفی رۆشن بکاتەوە.

هیچ کام لەئۆپۆزسیۆنە عەرەبییەکان کەڕژێمەکانیان رووخا بەڵێنێکی کۆنکرێتییان لەسەر شێوەی حوکمی ئایندە نەداوە. لەتونس سەدویەک لێدوانی ناکۆکیان هەیە، لەمیسر کەمەکۆی سەرەکی ئیخوانەکانە ئیسلامییەکان قەپ لەدەسەڵات گیردەکەن و هیچ ئیلتیزامێکیان نەداوە.

لەلیبیا ناتۆ حوکمی دایە دەست چەند عەشرەتێک و بۆ خۆی پایدۆزی لێکرد. جەماهیرییەی عوزمای مستەفا عەبدولجەلیل هێشتا چەکەکانی لەعەمبارێکدا خڕ نەکردۆتەوە هەڕەشەی هێز لەهەرێمی بەرقە دەکات. یانی کەس نییە بەڵێنبدات ئەم بەهارە تا نەورۆزی دیموکراسی بڕوات. ئەوەی دۆخی سوریای لەچەقێکدا راگرتووە رێک ئەم دەرەنجامەیە کەپایتەختە عەرەبییەکان پێی گەیشتوون: کێ بەڵێن دەدات ئیستیبداد بەشێوەی تر دووبارە نەکاتەوە؟

ئیخوانەکانی سوریا دەڵێن ئەمە بەڵێنەکانمان، خێریان بنووسێ. بەڵام ئەوەی رژێمی پێ دەڕووخێ ناتۆیە نەک هەینییەکانی ئیخوان. ناتۆش یانی ئەمریکا. ئەمریکا لەلیبیاو هەندێک دەڵێن لەعیراقیش، دەستی بەزاخا چووە. ناتۆ رژێمان دەڕووخێنێت و جێگرەوەکانیشیان بۆ باسک ئەستووری یەکەمجار ناتۆو ئەمریکا دەکەنە کیسی بۆکسێن. وەک سەدر لەعیراق و عەسکەر لەمیسر کردیان. ناتۆو ئەمریکا دوو دڵن لەوەی کوڕی خۆیان بەقوربانی کچی خەڵکی بکەن، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو کچانە چاو لەدەر بن و (العیاذباللە).

٢٠١٢/٣/٢٨

# وەک (هەڵەبجە)یە؟

کوشت و بڕو قڕکردن لەهەر کوێیەکی دونیا رووبدات ناخۆشە و ناجۆرە و ئەنجامدەرانی شایەنی ئیدانەو سزای رەوان. ئەمە فرمێسک نییە بۆ لێقەوماوانی لەناوچوون و فەوتان، ئەمە مەسەلەیەکی پرەنسیپییە بۆ بزووتنەوە رزگاریخوازییە رەواکانی هەموو دونیا کەدەبێ بەڕاشکاوی بیڵێن و رایبگەیەنن، چونکە هێزی سەرەکی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکان هێزێکی مۆراڵییەو پشت بەپرەنسیپەکانی هاوسۆزی و هاودەردی دەبەستێت. لەبەر ئەوە کورد بەداخ و پەژارەیە بۆ کەیسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەسوریاو زۆریش نابات کەوردەکاری ئەم کەیسە ئاشکرا دەبێت وەک چۆن زۆری نەبرد هەر لەڕێی هەڕەشەو گوڕەشەی سەرانی بەعسەوە راستییەکانی ئەوی هەڵەبجە دزەیان پێکراو کەوتنە ناوان. وەکو کەوتە ناوانیش ئەنجامدەرانی هەر کێیەک بن لەسزای رەوا دەربازیان نابێت و ئەزموونی عەلی کیمیاوی و سەرانی بەعس پێمان دەڵێت ئەم سزا رەوایە درەنگ و زوو کەوتووە، بەڵام هەر دێت و دەقەومێت.

ئەوەی لێرە جێی هەڵوەستەیە شوبهاندنی قەومانەکەی کیمیایی سوریایە بە (هەڵەبجە) وەک چۆن کاتی خۆی ئەوی هەڵەبجەیان بەهی هیرۆشیما شوبهاند. راستێکەی کەهێشتا قەبارەی ئەم تاوانەی سوریا وەک ئەوی هەڵەبجەو پێشتریش وەک ئەوی هیرۆشیما نەزانراوە ناولێنانەکە تەنها بەناولێنانێکی پڕوپاگەندەیی دەمێنێتەوە بۆ راکێشانی سەرنج و سۆزی رای گشتی دونیا لەپێناو ئەجێندایەکی سیاسیدا.

دەبینین زۆر کەس ئەمەی دەشتی دیمشق وەک هەڵەبجەیەکی نوێ دەناسێنێت وەک بڵێی لەهەڵەبجەکەی یەکەمدا هەڵوێستی راشکاو و فرمێسکی خەمی بۆ کورد رشتبێت. لەساڵی ٢٠٠٣شدا، لەقەومانەکانی فەللوجە کەسوپای ئەمریکا شەڕی چەکدارانی سوننەی دەکرد هەبوون ئەوەی فەللوجەیان بەهەڵەبجە دەشوبهاند وەک بڵێی کاتی خۆی چاک لەسەر هەڵەبجە هاتبوونە جواب.

بەداخەوە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتی رۆژئاوای لێ دەربچێت کەم ناوەندو وڵاتی لەناوچەکەمان لەسەر هەڵەبجە هاتنە جواب، خێرە ئێستا بۆ هەر رووداوێک وەسفی هەڵەبجە دێننەوە گۆڕێ؟

ئێوە ئەمە ناو دەنێن چی؟

٢٦-٨-٢٠١٣

# لە ئەرشیفەوە

# مەسەلەی کوردستان "ەکانی تر"

ڕۆژئاوای کوردستانیش، کوردستانی بن دەستی سوریا، هیچ سەردەمێک وەک ئەمڕۆ ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدا نەبووە. خەریکە پێش باکوور و ڕۆژهەڵاتیش دەداتەوە. ئەو پێشبڕکێیەش گرفتێک نابێت ئەگەر ئەوان بتوانن هەلی گۆشەگیریی ئێستای سوریا بقۆزنەوە، بەڵام بازدانی گەورە لە تێکۆشانی کوردستانیانی خۆرئاوا ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی تێکۆشانیاندا ڕەنج بۆ خۆیان دەدەن. جاران بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و گیانی بەرزی نەتەوەییان کوردانی بن دەستی سوریا هەمیشە پێشمەرگەی کوردایەتی بەشەکانی تر بوون. لە دەستکەوتیشدا بێ مایە دەمانەوە. ئێستا خەم لە خۆیان دەخۆن و لەمەشدا هەقیانە. ئەگەر کوردایەتی لە خۆرئاوا پایەدار بکەن مانای وایە ئەرکی خۆیانیان بە زێدەوە جێبەجێکردووە: هەم ڕۆژئاوا ڕزگاری دەبێت لە پشتێنی عەرەبی و ستەمی بێ ناسنامەیی و بێ مافی و هەمیش، لە دوا ئاکامدا، ئەوو دەستکەوتە ناوچەییانە دەڕژێنە ڕووباری گەورەی کوردایەتی سەرانسەرەوە.

**وتاری مەسەلەی کوردستان «ەکانی تر»**

**لە کتێبی ( نەتەوەیەک لەسەر کاغەز)ەوە-لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، ساڵی ٢٠٠٧**

# بۆ وا دەکەن؟

چی بڵێم لەسەر یادی ڕاپەڕینی سوریا؟ مامۆستا شێرکۆ بێکەس بە دەنگی سۆز و پەرۆشییەوە دوا تێکستی جوانی خۆی»دوانزەی بوومەلەرزە« ی بۆ ئاسۆ نارد و تەگبیری لەگەڵ کردین بە ستایلێکی وای چاپ بکەین شایستەی ئەو ڕۆژە پیرۆزە و خەباتی کوردانی ڕۆژئاوا بێت.

کەچی دەبینین براکانمان لە خەباتگێڕانی ڕۆژئاوا یادەکەی سلێمانیان کردۆتەوە دوو یاد. یەکێکیان لە کتێبخانەی گشتی و ئەویتریان لە هۆڵی هونەرە جوانەکان. با یادی هەولێرو دهۆکیش لەولاوە بوەستێ.

راپەرینی ١٢ ی ئادار یەک راپەڕینە، بەڵام براکانی ڕۆژئاوامان هەمان خوی ئێمەیان گرتووە: دوو بەرەکی و دوو بۆنەیی. کوردستان یەک کوردستانە، کراوە بە چوار لەگەڵ کەرت و بەشە پەرتەوازەکانی یەکێتی سۆڤێتی پەرتەوازەدا، کەچی خۆشمان خوومان بە دابەشکردنییەوە گرتووە.وەک کوردی باشوور ماشەڵڵای لێ بێت حەریفین لە دوو بەرەکی دا، کوردی ڕۆژهەڵاتیش ماوەیەک پێش ئێستا تەکلیفی خۆی ڕۆشنکردەوە، مایەوە کوردی سوریا» کوردستانی ڕۆژئاوا« ڕاستە لە کوردستانی بچووکن، بەڵام خۆیان لە ئێمە بە کەمتر نازانن و زمانحاڵیان ئێژێ : ئەگەر دووبەرەکی حیکمەتێکی تێدا نییە بۆچی ئێوە پێش ئێمە دووبەرە بوون؟

کاکە ئێمە پەشیمانین، کاکە ئێمە هەڵەبووین و ئەوەندە زەرەرمان لە کوردایەتی داوە بەشی ئەوەی پێوە نەماوە کە ئێوەش زیانی لێ بدەن.

برا شیرینەکانم! هەفتەیەک بەری لە مێزگردێکی ئاسۆدا فرمێسکمان بۆ پەرتبوونی لە مێژەی کوردی سوریا ڕشت. ویستمان لەم یادەدا هاوخەمتان بین، کەچی ئێوە یادەکەتان بەشکرد.

چاوەکانم، بۆ وا دەکەن؟ سرود یەک سرود و وتار یەک ناوەرۆکە و تێکستی شیرکۆ بێکەسیش بۆ هەمو لایەکتانە، بۆچی یادەوەری ١٢ ی ئادار قاژ دەکەن؟ لەسەرچی بەشەڕ دێن؟ لەسەر کورسی ئەو دەسەڵاتەی دیمەشق کە هێشتا

ئەمریکا بریاری نەداوە چۆنی مامەڵە لەگەڵ بکات؟ لەسەر گومرگی قامیشلۆ و تەندەری پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی حەسەکە؟ دەتانەوێ وەک براکانتان لە باشوور شەڕ لەسەر قووتی خەڵک بکەن لە بازار و کۆڵان و کوچەکانی عفرین و جەزیرەدا؟

حوکمی بێ ئاو و کارەبای ئێوەش دەبینین، بەڵام توخوا شەڕەکەتان دوا بخەن بۆ رۆژگاری ڕزگاریتان. چی بڵێم: نیشتمانێکی پەرتەوازە، میللەتێکی چوار پارچە، زمانێکی چەند زاراوەیی و چەند ئەلفابێتایی کە ئێوە ئەم ستوونەی منتان پێ ناخوێنرێتەوەو منیش ئەم سیاسەتەی ئێوەم پێ خورد ناکرێتەوە.

# شام شەکرە، لێ وڵات شیرینترە

هەندێک لە سیاسەتمەدارانی عەرەب و رووناکبیرانی چ سوریا و چ عەرەب لە لێدوانی تەلەفزیۆنی و لە سایتە جیاوازەکانی ئێنتەرنێتدا قسان لەسەر ئەوە دەکەن کە پشێویی و ناڕەزاییەکانی ئەم دواییەی ناوچە کوردییەکانی سوریا دنەی کوردی دەرەوەو هێزی دەرەکی تری لە پشتە و بگرە چاوبڕکێ لەگەڵ ئەو بۆچوونەش دەکەن گوایە کوردەکان لە هەمبەر سوریای (پشتیوان و هاوکار)دا بێ وەفا و جەفادار دەرچوون.بە تایبەت لە وەختێکدا کە سوریا لە تەنگژەدایە و لەهەر دوو ئاستی ئیقلیمی (ئیسرائیل) و نێودەوڵەتی (ئەمریکا) تووشی گیروگرفتی هەمەچەشن هاتووە.

بە داخەوە ئەم روانینە (سوریاییە)ی تەنانەت رووناکبیرە بە حیساب کراوە و دیموکراتخوازەکانیشی گرتۆتەوە، شاشییەکی سیاسییە و هەڵوەستە لە سەرکردنی دەوێت. هێزە سیاسییەکانی کوردایەتی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا لە چوارچێوەی پەیوەندییە تێکچڕژاوەکانی ناوچەکە و لە گەلێک مەقتەعی زەمەنیدا دۆست و هاوپەیمانی سوریا بوون. لە وەختێکدا کوردایەتی لە کوردستانی عیراق دژی بەعسی عەفلەقی دوژمنی هاوبەشی هەردوولا دەجەنگا،دیمەشق بە سیاسەتی نەرمونیانی سەرۆکی کۆچکردوو حافیز ئەلئەسەد پشتیوانی هێزەکانی کوردایەتی دەکرد. بوونی ئەو دوژمنە هاوبەشە و هەوڵەکانی دیمەشق بۆ دروستکرنی (بەرەیەکی عیراقی) لە دژی رژێمی سەدام چیرۆکی دۆستایەتییەکی درێژخایەنی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە. پڕیشکی ئەم سیاسەتە نەمونیانەی ئەلئەسەدی باوک کوردەکانی کوردستانی سوریاشی گرتەوە، ئەگەرچی ئەو پشتێنەی عەرەبی و سیاسەتی عەرەبکردنی هەڵنەوەشاندەوە، بەڵام زۆر دنەی نەداو لە ئاستێکی دیاریکراودا رایگرت. هەروا لە رێککەوتنی جنتڵمانی مۆرنەکراودا رێی بە هێزە سیاسییەکانی کوردی وێندەر دا کە سیاسەتی خۆیان (بمەشێنن)، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا. لەهەمبەر ئەمەدا کوردانی سوریا هەم بۆئەوەی کارەکە لە کوردستانی عیراق،

کە ئیتر ببوە هاوپەیمانی سوریا، نەشێوێنن و هەمیش بۆئەوەی ئەو (ئازادییە) زۆر سنووردارەی حکومەت بۆی سەلماندبوون لە دەست نەدەن، هەڵوێستێکیان وەرگرت نزیک لە مەیاندنی تێکۆشان لەو بەشەی نیشتمانی کورداندا، ئەوان هەر بەڕاستی خۆیان کردە قوربانی شۆڕشی کوردستانی عیراق و هەموو قورسایی ئارەزووی تێکۆشانیان خستە خزمەت شۆڕشی مەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە سەرەتای نەوەدەکاندا دیمەشق جارێکی تر و بگرە ئەمجارە بەچڕی مۆدێلی هاوکاریکردنی کوردانی غەیرە سوری تاقیکردەوە. ئەمجارەیان هاوکاری پەکەکەی کرد تا ئەو شوێنەی گوشار بۆ سەر تورکیا پێکبێنێ. کوردانی سوریا لەسەر هەمان ریتم باوەشیان بۆ (شۆڕش)ەکەی ئۆجەلان کردەوە تا کاتێک هەم گوشارەکەی سوریا بۆ سەر تورکیا بێ ئاکام دەرچوو، هەم (شۆڕش) ەکەی ئۆجەلانیش پایدۆزی لێ کرد.

لەم هەلومەرجەدا سێ گۆڕان قەومان:

- لەلایەک دیمەشقی دوای ئەسەدی باوک لە چوارچێوەی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە تا دەهات لە بەغدای سەدام نزیک دەبۆوە.

- لەلایەکی ترەوە کوردەکانی عیراق بە پێچەوانەی دیمەشقەوە لەگەڵ رەوەندی گۆڕانکاری دونیا و سیناریۆی لابردنی رژێمی بەعس رۆشتن و دەسکەوتی خۆشیان چنگ کەوت.

وڵاتەکەی بەشار ئەلئەسەد، لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لەم کاروانە سیاسییە بە پەلە راگوزەرەی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد لەعیراقدا دواکەوت. بەعەمەلی کەوتە سەنگەری دۆڕاوەکانی دوای سەدام حسێنەوە. هیچی لەو هاوپەیمانێتییە رەسەنەی نەچنییەوە کە لەگەڵ کوردەکان و هێزە سیاسییەکانی عیراقدا گرێی دابوو. ئەمەش رەوشێکی سەیر بوو : لە وەختێکدا سوریا هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی دەکرد کەس سڵاوی نەدەسەندنەوە، کەچی ئەمڕۆ وڵاتی دیکەی دۆستی دواساتی حوکمڕانی سەدام لە عیراق دەسکەوتیان هەیە.

ئەگەرچی وەک ئاگادارێکی سیاسیی گوتبووی ئەگەر سوریا خۆی عیراقی رزگار کردبا هەر ئەم هێزانەی ئێستای لە حوکم دادەنا کە هەژموونی دەسەڵاتیان لە بەغدا هەیە، بەڵام ئیتر مەسەلەکە وا کەوتۆتەوە.

لەم سەروبەندەدا هەر چاوەڕێ دەکرا گرژی بکەوێتە پەیوەندی کورد و سوریاوە. ئەگەرچی سەرکردە کوردەکان مەسجی دڵنیایی لەسەر یەکیان دەنارد، بەڵام لە واقیعی عەمەلیدا تازە ئیتر هەریەکەیان ڕێبازێکی جیاوازی هەڵسوکەوتی هەڵبژارد. کورد سەرگەرمی هەلێکی زێڕینە کە هەرگیز لە مێژوودا بۆی هەڵنەکەوتووەو دیمەشقیش ئەمە دەزانێ.

لە لایەکی دیکەشەوە کوردەکانی سوریا ،بە درەنگیشەوە بێت، بریاریاندا کە ئیتر بۆ خۆیان و بۆ مەسەلەکەی خۆیان تێبکۆشن. بۆیە لە گۆڕەپانێکی تۆپی پێدا، وەختێک گۆڕەپانی سیاسیی بەرتەسک دەبێتەوە، تووشی پێکادان هاتن لەگەڵ دۆستەکانی سەدام کە دوژمنی دوێنێی ئەلئەسەد بوون. کوردستانی سوریا بووە خاڵی تەقاندنەوەی ململانێیەکی پەنگخواردوو. زۆر زووە پێشبینی بکرێت. کە داخۆ جوڵانەوەی رەوای کورد لە رێی مافەکانیدا لە سوریا بە چ ئاقارێک دەگات؟ لێ ئەوە روونە کە کوردەکانی عیراق، وەک کوردی هەر شوێنێکی تر، دڵیان وا بەلای براکانی خۆیانەوە لە قامیشلۆ.

نابێ ئەوە دیمەشق نیگەران بکات و تەنها ترپەی دڵی کوردانی باشوور بە پیلانگێڕی بخوێنێتەوە. کوردەکانی عیراق دەزانن دیمەشق لەناو هاوکێشەی سیاسیدا هاوکاریان بووە، وەفادارن، بەڵام نەک بەو مانایەی پێیان خۆش بێت براکانیان خەفە بکرێن. لە مێژیشە کورد شامی کردووە بەحەقی پەندێکی پێشینان: شام شەکرە لێ وڵات شیرینترە.

شام خۆشەویستە، بەڵام نە بە قەدەر کوردی بن دەستی!

# ئەم بێ ناموسییە
# هەر لە بەعس دەوەشێتەوە

دەگوترێ فەرماندەیەکی دێرینی پێشمەرگەی کوردستان قسەیەکی جوانی گێڕاوەتەوە: بەعس هەر بەعسە، وەک کڵاشی هەورامی وایە، نە چەپی هەیە نە ڕاست! دەیسا هەر دوو بەعسەکە بە چەپ و ڕاستیشەوە بە قوربانی تاکە کڵاشێکی هەورامی بن. ئێستا وا بەعسییەکان لە بەغدا لە قەفەزی تاوانباری دان و بەعسەکەی دیکەشیان لە دیمەشق لەسەر دڵی خەڵکی سوریا ڕۆنیشتووە. لە دونیاوە گەمارۆ دراوە، بەڵام هێشتا پەلەقاژێی بێ ناموسییەتی. لەم دونیایەدا هێز زۆرن وەک بەعس بێ ناموس و بێ مۆراڵن و بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان سڵ لە هیچ تاوان و بیدادییەک ناکەنەوە، بەڵام بەعس بە چەپ و ڕاستدا بێ مۆراڵی خۆی دەنوێنێ.

ئەوەی سوریا چەند ڕۆژێک پێش ئێستا مەراسیمی ناشتنی تەرمی چەند کوردێکی سوریایی هەژار و بێ دەرەتانی قۆستۆتەوە کە لەم شەڕەی دوایی حزبوڵڵا و ئیسرائیلدا لە ژێر بۆمباراندا بوونە قوربانی گەڕان بەدوای کەسابەت و بژێویدا. ئەوان لە ڕێی تیکەیە نان بۆ منداڵەکانیان شەهید بوون. کەچی بەعس ڕێورەسمی ناشتنیانی کردۆتە بۆنەی بەعس و ئوممە عەرەبییە واحیدەکەی خۆی، لە جێی ئەوەی لێگەڕێ دایک و خوشکی ئەو کوژراوانە بە دیار دوا دیداری ڕۆڵەکانیانەوە فرمێسکی حوزن و بێ دەرەتانی بهۆننەوە. شینی لێکردوون بە شینی سەربار و هوتافیان بە گیانی حەسەن نەسروڵڵا و حزبەوڵڵا پێ لێداون. ئەمە هەر لە بەعس ئەوەشێتەوە هاوڵاتیانی سڤیلی نەتەوەییەکی ژێر دەستە بکاتە شەهیدی موقاوەمەی عروبە

و ئیسلامی نەسروڵڵایی. بەس لە بەعس دەوەشێتەوە کە مردنی خەڵکیش ئیستغلال بکات و واز لە کورد نەهێنێ تەنانەت لە کۆریشدا تەعریبیان بکات. کە یەکێک مرد خوا و مەلائیکەت و فریشتەکانیش دەستی لێ دەشۆن، بەڵام بەعس ئەهریمەنە و لە دوای وەفاتیش دەست لە یەخە ناکاتەوە.

بە گیڕانەوە دەستمان پێکرد و بە گێڕانەوەش کۆتایی پێدێنین، بە گوتەی ڕووناکبییریکی کوردی سوریا لە کاتی خۆی لە چایخانەیەک تووشی زەکی ئەرسۆزکی ،خاوەنی بیرۆکەی راستەقینەی بەعس، دەبێت.ئەرسۆزکی گلەیی دەکات گوایە لە بەختی خۆی،چونکە میشێل عەفلەق بیرۆکەی ئەوی دزیوەو بیری بەعس بەرهەمی فیکری جوانی ئەوە، کوردێکی باشوور بە تەنیشت کوردەکەی سوریاوە دەبێت، دەڵێ چی باس دەکەن؟ ئەویش دەڵێ ئەم زەکی ئەرسۆزکییە ئیدعای دەکات کە گوی بەعس ئەم لە پێشدا خواردویەتی!!

بەعس مەگەر ریشەکێشکردنی بەعس تەمبێی بکات و واز لە میللەتی داماوی کورد بێنێت! رۆژێک دێت بەعسی سووریاش دەست لە یەخەی منداڵی کوردستانی سوریا دەکاتەوە.